خەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە


رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5825) چوارشەممە 11ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەرە «500» دینار



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە وەزیری پلاندانانی عێراق دەکات

2



لەیادی 58 ساڵەی شۆڕشی ئەیلوولدا

(چەند یانەیەک لەم ژمارەیدا بخوێنەوە)

پەیامی سەرۆک بارزانی لە ساڵیادی هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی جەنابی بارزانیی نەمر شۆڕشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چەکداری و سەرتاسەریی گەلی کوردستان بوو کە بناغەیەکی پتەوی بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لەدژی ستەم و داگیرکاری دانا.

لە شۆڕشی ئەیلوولدا پێشمەرگە، کادیر، مامۆستا، قوتابی، ئافرەت و، هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی لە نەتەوە و ئایینە جیاجیاکان، لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بەیەکەوە و، بۆ یەک ئامانجی پیرۆزی نەتەوەیی و نیشتیمانی خەباتیان کرد و مێژوو و سەروەریبان تۆمار کرد. ئەو دەستکەوت و ئازادییەی ئێستا هەیە بەرهەم و درێژکراوەی قۆربانیدان و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی گەلەکەمانە لە شۆڕشی ئەیلوولدا. هەر لەم شۆڕشەدا بوو کە ئیرادە و خۆڕاگری و خۆشەویستیی نیشتیمان لەناو ڕیزەکانی گەلەکەمان ئەوەندە بەهێز بوو کە هەمیشە دوژمنی پڕچەک لەبەرانبەریدا دەشکا.

دەقی پەیامەکە لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

ئەمڕۆ پارتی کۆنفڕانسێکی زانستی و ئەکادیمی ساز دەکات

سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی، کۆنفڕانسێکی زانستی و ئەکادیمی ساز دەکات، بەڕپرسی دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیش دەڵێت، بۆ یەکەمین جارە کۆنفڕانسێکی زانستی لە لایەن پارتیکی سیاسی لە کوردستان ساز بدرێت، کە بە میکانیزمی زانستی و ئەکادیمی گفتوگۆ لەسەر ئەو پرسانە دەکات، کە پەیوەستن بە کاروباری حزبایەتییەوە.

بەڕپرسی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیی پارتی، چنار سەعد، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: لە یادی 58ـەمین ساڵەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ چوارشەممە سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی ئەکادیمیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵدەستێت بە سازدانی کۆنفڕانسێکی زانستیی تایبەت، کە کۆمەڵێک تەوەر و بابەتی پەیوەست بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە خۆ دەگرێت. چنار سەعد گوتیشی: بەشداربووانی کۆنفڕانسەکە بریتین لە نوێنەرانی گشت ئۆرگانەکان و لق و مەکتەبەکان لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسانی ئەکادیمی و بەشێک لە نوێنەرانمان لە نێو ئۆرگانەکانی پەرلەمان و حکوومەت و بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی. بەڕپرسی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمی، دەشڵێت: گرنگیی کۆنفڕانسەکە لەوەدایە، کە بۆ یەکەمین جارە کۆنفڕانسێکی زانستی لە لایەن پارتیکی سیاسی لە کوردستان بە ڕێگای میکانیزمی زانستی و ئەکادیمی گفتوگۆ لەسەر ئەو پرسانە بکات، کە پەیوەستن بە کاروباری حزبایەتییەوە.

ئا/ فایزە کۆیی

ئەمڕۆ ئەنجومەنی وەزیران کۆدەبێتەوە

سەرچاوەیەک لە ئەنجومەنی وەزیران بە خەباتی ڕاگەیاند، ئەمڕۆ چوارشەممە 2019/9/11 کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێوەدەچێت. بەپێی هەمان سەرچاوەش تەوەرەکانی کۆبوونەوەکە بریتی دەبن لە:

- خستنەڕووی دەرەنجامی کۆبوونەوەی هاوبەشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی عێراق کە لە ڕۆژی 8ی ئەیلوول ئەنجامدرا.
- گفتوگۆکردن لە بارەی کاریگەری و مەترسییەکانی پرۆژەی سەرژمێری کە بڕیارە لە ساڵی 2020 لە عێراق بکرێت.
- گفتوگۆکردن لە بارەی چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە وەزارەتی دارایی.

شۆڕشی ئەیلوول.. هۆکار و ئەنجام

فازل میرانی



وتارێکە لەلاپەرە سێ بخوێنەوە

نەوزاد هادی: بە هەموو دامودەزگاکانەوە خزمەتی شار و پارێزگای هەولێرمان کرد



پارێزگاری هەولێر پاش زیاتر لە 15ساڵ بەڕێوەبردنی ئەو پۆستە دوێنێ سێشەممە لە پرێس کۆنفرانسێک و لە کاتی ماڵئاوایکردن لە پۆستەکەی، سوپاسی سەرۆک بارزانی و هەموو لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستانی کرد و گوتی فرسەت سۆفی کاندیدی پارتییە بۆ پارێزگاری هەولێر.

پارێزگاری هەولێر، نەوزاد هادی گوتی: لە ماوەی پازدە ساڵدا، وەک یەک تیم کارمان کردووە بۆ خزمەتکردنی هەولێر، بازنەی هەولێر لە سێ کلیۆمەترەوە کراوە بە 13کیلۆمەتر درێژایی کە بەپێی ماستەر پلان بەرێوەچووە. پارێزگاری هەولێر ئاماژەی بەوەشکرد لە ماوەی ئەو پازدە ساڵەدا، نزیکەی 12ملیار دۆلار لە هەولێر خەرجکراوە. لە گوتارەکەیدا، پارێزگاری هەولێر، نەوزاد هادی ڕاشیگەیاند.

زیاتر لەلاپەرە چوار بخوێنەوە

لەخولێکی کەمپی کاوەی شارۆچکەی قوشتەپەدا

زیاتر لە 500 قوتابی فێری زمانەوانی و یاری شەترەنج دەکرێن





هەولێر.. پێش هاتنی وەرزی زستان سەرجەم ڕێگاکان چاک دەکرێنەوە

لە یادی ڕۆژێکی مەزندا

سەلام عەبدوڵلا

لە ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە، ڕژێمی پاشایەتی کە ٣٧ ساڵ بوو حوکمی عێراقی دەکرد، ڕووخێندرا و لەبری سیستەمی کۆماری دامەزرا، بەمەش گۆڕانکارییەکی بنچینەیی بەسەردۆخی سیاسی لە عێراقدا هات و لە دەستووری نوێی عێراقدا کورد وەک هاوبەش لەگەڵ عەرەبدا ناوزەدکراو پارتە سیاسییەکانیش کە بەنهێنی کاریان دەکرد و ئازادکران، هەروەک عێراق لە کۆمەڵێک ڕێککەوتننامە کە عێراقی بە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بەستبۆوە هێنرایە دەرو سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند.

بارزانیی نەمر، کە ماوەی ١٢ ساڵ لە یەکێتی سۆڤیەت، پەنابەربوو لەگەڵ هاوڕێیانیدا گەڕانەوە بۆ عێراق و لایەڕەیەکی نوێ لەگەڵ ڕژێمی نوێ دا هەڵدرایەوەو واچاوەڕوان دەکرا داهاتوویەکی گەش ڕوو لەگەلەکەمان بکات و بە مافە ڕەواکانی خۆی بگات، بەڵام بەداخەوە ڕژێمی نوێ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو حوکمی تاکەکەسی و (تاکە سەرکردە) ملی دەنا و ئازادییەکانی بەرتەسکتر دەکردەوە تا ئەو ئاستەی کە فۆرمی دیکتاتۆری وەرگرت و بەوپێیەش پەیوەندییەکانی لەگەڵ گەلی کورددا بەرەو خراپی و پاشگەزبوونەوە لە بەڵێنەکانی دەچوو، بۆیە ئیدی گەلەکەمان، بە ناچاری جارێکی تر، پەنای بۆ چەک بردو لە یانزەی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ شۆڕشی چەکداری ڕاگەیاند کە لە مەودوا بە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول پێناسەکرا.

پارتی دیموکراتی کوردستان، لەژێر سەرکردایەتی بارزانیی نەمردا جلەوی بەڕێوەبردنی شۆڕشی گرتە دەست و لە ماوەیەکی کورتدا زۆربەی خاکی کوردستانی ئازادکرد و دام و دەستگای بەڕێوەبردنی وڵات و لە ناوچە ڕزگارکراوەکان، قوتابخانە و خەستەخانە و دادگای دامەزراند، هەروەک لە ڕێی ئیستگەی گەلی کوردستانەوە دەنگی مەڵۆمییەتی کورد وشۆڕشەکەی بەجیهان گەیاند.

ئەگەرچی تەرازووی هێز لە نێوان شۆڕش و ڕژێمدا زۆر ناهاوسەنگ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان زەبری گەورەو کاریگەری بە سوپای عێراقی گەیاند کە یەکێک لەوانە داستانەکەی شەڕی هەندرێن بوو کە بە هێزێکی بچووکەوە، سوپایەکی پڕچەکی تێکشاند کە بووە مایەی سەرسوڕمانی سوپای عێراق و هەموو جیهان.

ئەم سەرکەوتنەیەک لە دوای یەکانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕژێمی عێراقی ناچار کرد لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠دا ڕێکەوتننامەیەک لەگەڵ شۆڕشدا ئیمزا بکات کە بە سەرەتای چەسپاندنی مافی گەلەکەمان، لە عێراق تائێستا، دادەنرێت.

بەرزو پیرۆز بێت ئەو یادە مەزنە و سەروەری بۆ شەهیدانی شۆڕشی ئەیلوول و هەموو شەهیدانی کوردستان.

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە وەزیری پلاندانانی عێراق دەکات




دوێنێ سێشەممە 10ی 9ی 2019لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە دکتۆر نووری ئەلدلێمی وەزیری پلاندانانی عێراق کرد. لە دیدارەکەدا وەزیری پلاندانانی عێراق پێزانینی هەبوو بۆ رۆڵی سەرۆک بارزانی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسیی عێراق و هەوڵەکانی بۆ قووڵکردنەوەی فەرهەنگی پێکەوەژیان و بەرگریکردن لە پێکهاتەکان بەرز نرخاند. سوپاسی سەرۆک بارزانی و خەڵکی هەرێمی کوردستانیشی کرد کە لە رۆژانی سەختی شەڕی داعشدا میوانداریی سەدانهەزار ئاوارەی عێراقییان کردووە. وەزیری پلاندانانی دەستخۆشی لە سەرۆک بارزانی کرد کە رێنوێنی و ئامۆژگاریی پەرلەمانتارانی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کردووە بۆ ئەوەی بەرگریکاری ماف و داواکاریی هاوواڵتیانی پارێزگاکانی تری عێراقیش بن.
هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بیرووڕا لەبارەی بارودۆخی سیاسیی عێراق ئاڵوگۆڕ کرا و پلانەکانی حکوومەتی عێراقی لەمەڕ پرۆسەی گەشەپێدان لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق و هەروەها ئاوەدانکردنەوە و باشترکردنی ژیانی خەڵک تاوتوێ کرا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیر پلاندانانی عێراق کرد

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان: نابێ سەرژمێری وەکو کارتێکی سیاسی لە دژی هیچ پێکهاتەیەک بەکاربهێنرێت

وەزیری پلاندانانی عێراق: دەرفەتێکی باش هەیە بۆ ئەوەی کێشەکان لە سەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکرێن



دوێنێ سێشەممە 2019/9/10مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە نووری سەباح ئەلدلێمی وەزیری پلاندانانی عێراق کرد. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا وەزیری پلاندانانی عێراق، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی جێگیر و سەرکەوتووە و سەرکەوتنی هەرێمی کوردستانیش سەرکەوتنە بۆ هەموو عێراق.
گوتیشی ئێستا دەرفەتێکی باش هەیە بۆ ئەوەی هەموو کێشە و گرفتەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرالی لە سەر بنەمای دەستوور چارەسەر بێن.
مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێتە ئاراوە بە شێوەیەک کە شەراکەتی راستەقینە و هاوسەنگی و سازان لە بەرچاو بگیرێت.
لە کۆبوونەوەکەدا هەروەها گفتوگۆ لە بارەی سەرژمێری دانیشتووان کرا کە بڕیارە ساڵی 2020لە عێراق ئەنجام بدرێت، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، سەرژمێری کارێکی گرنگە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری کە ئامرازێکی یارمەتیدەر دەبێت بۆ پلاندانان، بەڵام حکوومەتی هەرێمی کوردستان تێبینی لە سەر میکانیزمی ئەنجامدانی سەرژمێریەکە هەیە و پێویستە لە بەرچاو بگیرێن.
گوتیشی نابێ سەرژمێری وەکو کارتێکی سیاسی لە دژی هیچ پێکهاتەیەک بەکاربهێنرێت.

پەیامی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

هەموو پێکهاتەکانی کوردستان لە ژێر یەک سەرکردایەتیدا رووبەڕووی ستەمکاریی بوونەوە

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی پەنجاو هەشت ساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول لە پەیامێکدا رایگەیاند "لە کاتێکدا یادی ئەو شۆڕشە مەزنە و پێشمەرگە قارەمان و تێکۆشەرە بەشدارەکانی ئەم شۆڕشە دەکەینەوە، بەها و پرنسیپەپە بە نرخەکانی ئەو شۆڕشەشمان لە یادن وەک خۆڕاگری و پێکەوەژیان و یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان کە هەمیشە جێی شانازیمانن و ئومێدەوارین هەر بە زیندوویی بمێننەوە و خەڵکی کوردستانیش بە هەمان گیانی تەبایی و یەکڕیزی پارێزگاری و داکۆکی لە ماف و دەسکەوتەکانیان بکەن". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ئەمڕۆ پەنجاو هەشت ساڵ بە سەر هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول تێدەپەڕێت کە بە درێژترین و مەزنترین شۆڕشی گەلی کوردستان دادەنرێت بە سەرکردایەتی رێبەری نەتەوەیی کورد مستەفا بارزانیی نەمر.
شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە لە یازدەی ئەیلوولی 1961 دەستیپێکرد و سەرتاسەری کوردستان گرتەوە و هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کوردستان بەشداربیان تێدا کرد، گەورەترین شۆڕشی خەڵکی کوردستان بوو دژی ستەم و زۆرداری و چەوساندنەوە کە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان لە ژێر یەک سەرکردایەتیدا رووبەڕووی ستەمکاریی بوونەوە و کوردستان ببووە پەناگەی هەمووی ئازادیخوازانی عێراق.
ئێمە لە کاتێکدا یادی ئەو شۆڕشە مەزنە و پێشمەرگە قارەمان و تێکۆشەرە بەشدارەکانی ئەم شۆڕشە دەکەینەوە، بەها و پرنسیپەپە بە نرخەکانی ئەو شۆڕشەشمان لە یادن وەک خۆڕاگری و پێکەوەژیان و یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان کە هەمیشە جێی شانازیمانن و ئومێدەوارین هەر بە زیندوویی بمێننەوە و خەڵکی کوردستانیش بە هەمان گیانی تەبایی و یەکڕیزی پارێزگاری و داکۆکی لە ماف و دەسکەوتەکانیان بکەن.
سڵاو لە پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و سەری ڕێز و نەوزاش بۆ شەهیدانی کوردستان.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
11ی ئەیلوولی 2019

پەیامی سەرۆک بارزانی لە ساڵیادی هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بناغەیەکی پتەوی بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لەدژی ستەم و داگیرکاری دانا

دوێنێ سێشەممە 10ی ئەیلوولی 2019 سەرۆک بارزانی بە بۆنەی پەنجاو هەشت ساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول لە پەیامێکدا رایگەیاند، "شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هەم بەگژداچوونەوەی ستەمکاری بوو، هەمیش پێگەیاندنی مرۆڤی کوردستان، بۆ ئەوەی گەلی کوردستان مافەکانی خۆی بناسێت و بەهای بەرزی مرۆڤانە و کوردپەروەرانە لەناو خەڵک و کادیران و پێشمەرگەدا دروست بێت". لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەی ئەوەش هاتووە " ئەو دەستکەوت و ئازادییەی ئێستا هەیە بەرهەم و درێژکراوەی قۆربانیدان و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی گەلەکەمانە لە شۆڕشی ئەیلوولدا. هەر لەم شۆڕشەدا بوو کە ئیرادە و خۆڕاگری و خۆشەویستیی نیشتیمان لەناو ڕیزەکانی گەلەکەمان ئەوەندە بەهێز بوو کە هەمیشە دوژمنی پڕچەک لەبەرانبەریدا دەشکا و، دواجار ئەو ئیرادەیە دوژمنی هێنایە سەر مێزی دانوستان".
هەروەها سەرۆک بارزانی لە کۆتایی پەیامەکەیدا دەڵێت: "پێزانینم هەیە بۆ هەموو ئەو پێشمەرگە قارەمانانە و ئەو تێکۆشەرانە کە ڕۆڵیان لە شۆڕشی ئەیلوولدا هەبووە و ماندوونەناسانە قوربانییان داوە، چ ئەوانەی لەناوماندا نەماون و ئەوانەیش کە هێشتا لە ژیاندا ماون". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی جەنابی بارزانیی نەمر شۆڕشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چەکداری و سەرتاسەریی گەلی کوردستان بوو کە بناغەیەکی پتەوی بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لەدژی ستەم و داگیرکاری دانا.

لە شۆڕشی ئەیلوولدا پێشمەرگە، کادیر، مامۆستا، قوتابی، ئافرەت و، هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی لە نەتەوە و ئایینە جیاجیاکان، لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بەیەکەوە و، بۆ یەک ئامانجی پیرۆزی نەتەوەیی و نیشتیمانی خەباتیان کرد و مێژوو و سەروەریان تۆمار کرد. ئەو دەستکەوت و ئازادییەی ئێستا هەیە بەرهەم و درێژکراوەی قۆربانیدان و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی گەلەکەمانە لە شۆڕشی ئەیلوولدا. هەر لەم شۆڕشەدا بوو کە ئیرادە و خۆڕاگری و خۆشەویستیی نیشتیمان لەناو ڕیزەکانی گەلەکەمان ئەوەندە بەهێز بوو کە هەمیشە دوژمنی پڕچەک لەبەرانبەریدا دەشکا و، دواجار ئەو ئیرادەیە دوژمنی هێنایە سەر مێزی دانوستان.
شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هەم بەگژداچوونەوەی ستەمکاری بوو، هەمیش پێگەیاندنی مرۆڤی کوردستان، بۆ ئەوەی گەلی کوردستان مافەکانی خۆی بناسێت و بەهای بەرزی مرۆڤانە و کوردپەروەرانە لەناو خەڵک و کادیران و پێشمەرگەدا دروست بێت. بە جۆرێک کە لەبەرانبەر دوژمنیشدا تەنانەت بۆ جارێکیش، شۆڕش دەستی بۆ کردەوەیەک نەبرد کە ناکۆک بێت لەگەڵ بەها و یاساکانی جەنگ.
وانە و بەهاکانی ئەو شۆڕشە مەزنە دەبێ بۆ هەموومان بە بەرزی بمێننەوە و ببنە چرا و ڕێنیشاندەر بۆ داهاتوومان و نەوەکانی ئایبنده.
لە یادی پەنجا و هەشت ساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولدا، پێزانینم هەیە بۆ هەموو ئەو پێشمەرگە قارەمانانە و ئەو تێکۆشەرانە کە ڕۆڵیان لە شۆڕشی ئەیلوولدا هەبووە و ماندوونەناسانە قوربانییان داوە، چ ئەوانەی لەناو ماندا نەماون و ئەوانەیش کە هێشتا لە ژیاندا ماون. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی شۆڕشی ئەیلوول و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادی.

مسعود بارزانی
10ی ئەیلوولی 2019

پەیامی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ساڵیادی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە

شۆڕشی ئەیلوول بە دیدگایەکی ڕۆشنی سیاسی و کولتووریکی لێبوردووانە و گیانێکی مرۆڤدۆستانەوە هەنگاوی نا

دوێنێ سێشەممە نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی 58ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە لە پەیامێکدا رایگەیاند " شۆڕشی ئەیلوول بە دیدگایەکی ڕۆشنی سیاسی و کولتووریکی لێبوردووانە و گیانێکی مرۆڤدۆستانەوە هەنگاوی نا، بە خۆڕاگریی گەلی کوردستان و قارەمانیەتیی پێشمەرگە، چەندین داستانی مێژوویی تۆمار کرد کە مایەی شانازیی گەلی کوردستانن". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

پەنجا و هەشت ساڵ بەسەر سەرهەڵدانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا بە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەرایەتیی بارزانیی نەمر تێدەپەڕێت. ئەم شۆڕشە نیشتیمانییە یەکێکە لە سەروەریی مەزنەکانی مێژووی گەلی کوردستان بۆ بەرگریکردن لە ماف و خواستە ڕەواکانی و ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی تاکڕەوی. پاش ئەوەی نەتوانرا بە خەباتی مەدەنی و تێکۆشانی جەماوەرییانە، خواست و داواکانی گەلەکەمان بەدی بهێنرێن، شۆڕشی ئەیلوول وەک پێویستییەکی مێژوویی سەریهەڵدا. بڕوا و متمانەی کوردستانییان بە ڕێبەری شۆڕش و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکڕیزی و یەکگرتوویی گەلەکەمان، سەرچاوەی بەهێزیی شۆڕش بوون کە لە ماوەیەکی کەمدا سەرجەم ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە و هەموو چین و توێژ و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان، چالاک و دڵسۆزانە بەشداربیان تێدا کرد. شۆڕشی ئەیلوول بە دیدگایەکی ڕۆشنی سیاسی و کولتووریکی لێبوردووانە و گیانێکی مرۆڤدۆستانەوە هەنگاوی نا، بە خۆڕاگریی گەلی کوردستان و قارەمانیەتیی پێشمەرگە، چەندین داستانی مێژوویی تۆمار کرد کە مایەی شانازیی گەلی کوردستانن.
شۆڕشی ئەیلوول بە ئەندازەی مەزنیی خۆی، دەستکەوتی مەزن و مێژوویی بۆ گەلەکەمان بەدیهێنا، ئازادیی ئەمڕۆ و پێشکەوتنە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی کوردستان، زادەی ئەو دەستکەوتانە و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی دواتر و ئەو قوربانییە مەزنانەن کە گەلی کوردستان لەپێناو مانەوە و ماف و ئازادی و ئاشتی و سەرفرازیدا، بەخشیویەتی.
بەرزڕاگرتنی ئەم یادە شکۆدارە، وێرای ئەوەی ڕێزگرتنە لە مێژوو و قوربانی و سەروەرییەکانی گەلەکەمان، هاوکات بۆ لێفێربوون و وەرگرتنی وانە و پەندی گرنگە. شۆڕشی ئەیلوول سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە شۆڕش و ڕووبەڕووبوونەوەکانی گەلی کوردستان هەمیشە بۆ بەرگریکردن لە بوون و ناسنامە و داکۆکیکردن لە ماف و خواستە ڕەواکانی بووە. گەلەکەمان هەمیشە بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی، دەستکەوتی مەزنی بەدەست هێناوە، کوردستانییانیش بە هەموو جیاوازییە ئیتنی و ئایینی و سیاسییەکانیانەوە، هەمیشە یەک چارەنووسیان هەیە و یەک ئایندە چاوەڕێیان دەکات. وەفاداریی بۆ ئەم شۆڕشە مەزنە و شۆڕش و ڕاپەڕینە مێژوویییەکانی گەلی کوردستان، کار و هەوڵی بەردەوامان لێ دەخوازێ بۆ پاراستنی دەستکەوتەکامان و بەزیندووهێشتنەوەی ناو و کار و خەباتی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەران و سەربازە ونەکانی شۆڕش، بەر لە هەمووانیش شەهیدانی قارەمان. گەلی کوردستان خاوەنی مێژوویەکی پڕ سەروەری و مایەی شانازییە، یەکێک لەو سەروەرییە مەزنانەش، شۆڕشی ئەیلوولە. سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی قارەمانی شۆڕشی ئەیلوول و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.
بەرز و شکۆدار بێت، ساڵیادی پیرۆزی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن.
سڵاو و ڕێز بۆ گیانی خۆڕاگریی گەلی کوردستان.
سڵاو و ڕێز بۆ پێشمەرگەی قارەمان و تێکۆشەرانی شۆڕشی ئەیلوول.

نێچیرڤان بارزانی
جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان
١٠/٩/٢٠١٩

گفتوگۆکانی هەولێر و بەغدا لەسەر بودجە دەستیان پێ کردووە

ئەندامێکی لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد، گفتوگۆی هەولێر و بەغدا بۆ ئامادەکاریی پرۆژەیاسای بودجەی 2020ی عێراق دەستی پێکردووە. ئەحمەد سەفار، ئەندامی لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند: "هەولێر و بەغدا لێژنەی ئیداریان پێکهێناوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای بودجە و گفتوگۆشیان دەستپێکردووە و لێژنەکان کۆبوونەوەیان ئەنجام داوە."
ڕوونیشی کردەوە، هەرێمی کوردستان داواکاریی خۆی بۆ پرۆژەیاسای بودجەی 2020ی عێراق ئامادەکردووە و بە هەمان شێوەش بەغدا ئامادەکاری بۆ داواکارییەکانی کردووە. ڕۆژی 8ی 9ی 2019مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی عێراق کۆبوونەوە و تێیدا گفتوگۆ لەبارەی کارکردنی یەک ئاراستەیی لەبارەی چەسپاندنی مافەکانی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق کرا.

نێچیرڤان بارزانی سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانییانی کەربەلا دەکات



لە پەیامێکدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکاری قوربانیانی ڕووداوەکەی ئەمڕۆی کەربەلا کرد و ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ پێشوازی لە بریندارانی دەربڕی، ئەمە دەقەکەیەتی:

پرسە و سەرەخۆشیی قوڵی خۆمان ئاراستەی کەسوکاری قوربانییانی ڕووداوەکەی ئەمڕۆی کەربەلا دەکەین کە لە ئەنجامی قەرەبالغی و بەسەریەکدا کەوتنی بەشدارانی ڕێوڕەسمێکی ئایینیی شیعە، زیاتر لە 30 کەس گیانیان لە دەست دا و بە دەیانی دیکەش بریندار بوون.

لە دڵەوە هاوخەم و هاوسۆزیانین و خوای مەزن دڵنەوایییان بداتەوە، هیوای بەهەشت بۆ قوربانییان و زووچاکبوونەوە بۆ بریندارانی دەخوازین. هەرێمی کوردستان بۆ هەموو هاوکارییەکی پزیشکی و پێشوازی لە بریندارانی ئامادەیە.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/9/10

مەکتەبی سیاسی لە یادی پەنجاو هەشت ساڵەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول:

بە ڕابەرایەتی سەرۆک بارزانی وڵاتانمان لە شەڕی تیرۆریستان پاراست و دڕندەترین دوژمنی مرۆڤایەتیمان بەزاند

دوای سەد ساڵ بێبەشی لە مافی چارەی خۆنووسین لە ریفراندۆمێکی سەرکەوتوودا تەعبیرمان لە ئیرادەی ئازادانەی خۆمان کرد

مەکتەبی سیاسی پارتی بە بۆنەی پەنجاو هەشت ساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول لە پەیامێکدا ڕایگەیاند، شۆڕشی ئەیلوول بە پاڵپشتی هێزی گەل و بە ڕابەرایەتی سەرکردەی ئەفسانەیی مستەفا بارزانیی نەمر و بە پێشڕەوایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک بزوتنەوەیەکی ڕزگاریی نیشتمانی هاتە مەیدان و بە چەک و توانایەکی سنوردار و لە چیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە بانگەوازی حەق و ڕەتکردنەوەی ستەمی نەتەوەیی بە ڕووی ڕژێمێکی پڕ چەک و عەسکەرتاریدا ڕاگەیاند، شۆڕش چونکە لەسەر حەق و خاوەن پەیامێکی ڕەوا بوو، توانی لە ماوەیەکی پێوانەییدا کۆی گەلی کوردستان بە جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی و چینایەتی لە دەوری یەک ئامانجی پیرۆز کۆبکاتەوە و ببێتە ڕەشمالّی فراوانی هەموو نیشتمانپەروەران بە کورد و تورکمان و کلدان سریان ئاشور، بە موسڵمان و مەسیحی و ئیزیدی، بە جوتیار و کرێکار و کاسبکار، بە خەڵکی لادێ و شار، بە ژن و پیاو، بە گەنج و پیرەوە. شۆڕشی مەزنی ئەیلوول گەرچی هاوشانی شەڕی چەکداری، بە درێژایی شۆڕش هیچ دەرفەتێکی دانوستانی ڕەت نەکردەوە و بە بەشێک لە درێژەدانی خەباتی دەزانی، بەڵام دەستی لە تفەنگ بەرنەدا و کۆڵی نەدا و نەسڕەوت تا لە دواجاردا ڕژێمی نکۆڵیکاری ئەوکاتی ناچار کرد مل بۆ سەلماندنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و جوگرافیای کوردستان و بەدیهێنانی سەرەتای مافەکانی کورد لە ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادارییەوە.



جەماوەری کۆڵنەدەری کوردستان
پێشمەرگە قارەمانەکان و تێکۆشەرانی دێرین

پەنجاو هەشت ساڵ لەمەوبەر، ئەو دەمەی جمهوریەتی نوێی عێراق پشتی لە بەڵێنەکانی کرد و پرەنسیپی شەراکەتی کورد و عەرەبی لە دەستووری ئەوکاتی وڵاتدا ژێرپێ نا و نکۆڵی لە مافەکانی کورد کرد و تەنانەت ڕێگاکانی خەباتی مەدەنی و دیموکراتی بەرووداخست و بە ئاگر و ئاسن و لەشکرکێشی مامەڵەی کرد، گەلی کوردستان و پێشڕەوەکەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو واقیعە تاڵە و ئەو زوڵم و ستەمە، ڕێی خەباتی چەکداریان گرتەبەر و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هەڵگیرسا.

شۆڕشی ئەیلوول بە پاڵپشتی هێزی گەل و بە ڕابەرایەتی سەرکردەی ئەفسانەیی مستەفا بارزانیی نەمر و بە پێشڕەوایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک بزوتنەوەیەکی ڕزگاریی نیشتمانی هاتە مەیدان و بە چەک و توانایەکی سنوردار و لە چیا سەکەشەکانی کوردستانەوە بانگەوازی حەق و ڕەتکردنەوەی ستەمی نەتەوەیی بە ڕووی ڕژێمێکی پڕ چەک و عەسکەرتاریدا ڕاگەیاند، شۆڕش چونکە لەسەر حەق و خاوەن پەیامێکی ڕەوا بوو، توانی لە ماوەیەکی پێوانەییدا کۆی گەلی کوردستان بە جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی و چینایەتی لە دەوری یەک ئامانجی پیرۆز کۆبکاتەوە و ببێتە ڕەشمالّی فراوانی هەموو نیشتمانپەروەران بە کورد و تورکمان و کلدان سریان ئاشور، بە موسڵمان و مەسیحی و ئیزیدی، بە جوتیار و کرێکار و کاسبکار، بە خەڵکی لادێ و شار، بە ژن و پیاو، بە گەنج و پیرەوە. شۆڕشی مەزنی ئەیلوول گەرچی هاوشانی شەڕی چەکداری، بە درێژایی شۆڕش هیچ دەرفەتێکی دانوستانی ڕەت نەکردەوە و بە بەشێک لە درێژەدانی خەباتی دەزانی، بەڵام دەستی لە تفەنگ بەرنەدا و کۆڵی نەدا و نەسڕەوت تا لە دواجاردا ڕژێمی نکۆڵیکاری ئەوکاتی ناچار کرد مل بۆ سەلماندنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و جوگرافیای کوردستان و بەدیهێنانی سەرەتای مافەکانی کورد لە ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادارییەوە.

1970دا کەچ بکات، ئەو ڕێککەوتننامەیەی بووە بەڵگەنامەیەکی میژوویی و بناغەیەکی پتەو بۆ هەموو ئەو دەسکەوتانەی لەوەدوا بەدیهاتن. ئەوەش یەکەمجار بوو کە شۆڕشێکی کوردستانی بتوانێ بە ئامانج بگات و دروشمی خۆی بێنێتەدی و سەرکەوتنە سەربازییەکانی بکات بە دەسکەوتی سیاسی و مافی نەتەوایەتی و نیشتمانی بەدەست بهێنێ.

مەزنایەتی شۆڕش ئەیلوول تەنیا لەوەدا بەرجەستە نەبووە کە شۆڕێک بوو توانی ئامانجی خۆی بەدیبهێنێ، بەڵکو گەورەیی شۆڕش لەوەشدا بوو کە بوو بە قوتابخانەیەکی دەوڵەمەند بۆ پێگەیاندنی تێکۆشەران، بۆ پێگەیشتنی بیر و ڕێبازی کوردایەتی ئاوێتە بە دیموکراتخوازی و بەهاکانی سەردەم، بۆ پێشمەرگایەتی و نیشتمانپەروەری، بۆ تەجروبەی خۆپەڕوبردنی خۆماڵی لە ڕێی ئیدارەدانیی ناوچە ئازادکراوەکان کە ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر دەبوون، بوو بە قوتابخانەیەک بۆ پەروەردەی سیاسیی و سەربازی، بۆ ئیداری بۆ تێکۆشانی پێشمەیی و ڕێکخراوەیی، بۆ ئامادەکردنی هەزاران کادری لێوەشاوە و لاوی بڕوا پۆڵایین کە بتوانن قۆناغەکانی دواتری خەبات درێژە پێبدەن. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، شۆڕشی ئەیلوول بووە کۆکەرەوەی هەمووان لە دەوری ناسنامەیەکی کوردستانیی فراوان کە پرنسیپەکانی هاوچارەنووسی و هاونیشتمانی بنەماکانی بوون، ئەو بنەمایانەی کە تا ئەمڕۆش هەوێنی شەرعییەت و پێگەی ڕێزلێگیراوی دۆزی گەلەکەمانن لە جیهاندا.

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەرهەم و هەڵقوڵاوی هەناوی میللەت بوو. پشت و پەناشی هەر ڕۆڵەکانی گەل و هێزی لەبن نەهاتووی خەڵک بوو، بۆیەش نسکۆ و پیلانەکان نەیانتوانی بیشکێنن. هەر بە پشتیوانی گەل لە دوای نسکۆیەکی کاتی، دوبارە هەڵگیرسایەوە و بە هەمان باوەڕ و بە گوڕوتین و پلانێکی سەردەمی بۆ هەمان ئامانج کاروانی خەباتی درێژەپێدا و دۆزی ڕەوای کوردی بە زیندوویی هێشتەوە و قۆناغ بە قۆناغی بڕی تا بە ئەمڕۆ گەیشتین.

ئەمڕۆ کە یادی پەنجاو هەشت ساڵەی ئەو شۆڕشە مەزنە دەکەینەوە، هێشتا بە ڕۆحی ئەیلوول لە تێکۆشان بەردەوامین، بە هیممەتی ڕۆڵە گیانفیدا و دڵسۆزەکانی گەل و بە ڕابەرایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی ووڵاتی خۆمان لە شەڕی تیرۆریستان پاراست و دڕندەترین دوژمنی مرۆڤایەتیمان بەزاند، بەرگەی شەڕی برسیکردن و پیلان و پەلاماردەکانمان گرت، دوای سەد ساڵ بێبەشی لە مافی چارەی خۆنووسین، لە ڕیفراندۆمێکی سەرکەوتوودا تەعبیرمان لە ئیرادەی ئازادانەی خۆمان کرد، دواتریش قەوارەی سیاسی هەرێمەکەمان پاراست و زۆرخەونی ناحەزانمان پوچەڵکردەوە کە دەیانویست ئەم قەوارەیە لەناوببەن.

بە هەڵبژاردنێکی گشتی شەرعیەتمان بۆ دامەزراوەکانمان نوێکردەوە و سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکوومەتی نوێمان کارا کردەوە. ئێستاش بە هەمان ووزە و باوەڕی پتەو و نەگۆڕەوە لەسەر ماف و داوا ڕەواکانمان مکوڕین و بەڵام لە هەمان کاتیشدا و هەر پشت ئەستور بە پرنسیپەکانی شۆڕشی ئەیلوول، هیچ دەرفەتێکی دانوستان و لێکگەیشتن بۆ بەرژەوەندی کوردستان و ڕاستەڕێکردنەوەی عێراق لەدەست نادەین و ڕەتناکەینەوە.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا یادی پڕشکۆی شۆڕشی ئەیلوول دەکەینەوە، وەک هەمیشە ئەرکی گەورەمان لە پێشە، چەسپاندنی مافە دەستوورییەکانمان و پاراستنی دەسکەوتە بەدیهاتووەکانمان و دەستپێکردنەوەی بوژاندنەوە و پەرەپێدانی کوردستان و بەرخوردی ژیرانە لەگەڵ پێشهاتەکانی ناوچەکە و دەوروبەرمان، یەکدەستیی هەموو لایەکمان دەخوازێ، لە پێناو کوردستانێکی بەهێز و ئارام و ئاوەدانداو، دەبێ توانا و دەنگ و هەڵوێستمان یەکخەین و هەر ناکۆکییەک لابەلا بخەینەلاوە. دەبێ ئامانجی هەموولایەکمان هێنانەدی گوزەرانێکی باشتر و ژیانێکی سەربەرزانە بێت بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەمان کە شایستەی ئەو هەموو خوێن و خەباتە بێت کە لەو پێناوەدا بەخشیویانە.

لە یادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا:

–هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی مستەفا بارزانی نەمر ڕابەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول.

– سڵاو لە گیانی سەرکردەی نەمر کاکە ئیدریسی هەردەم لە یاد.

– سڵاو لە پارتی دیموکراتی کوردستان و جەماوەرە کۆڵنەدەرەکەی

– دروود و سڵاو بۆ تێکۆشەرانی دێرین و پێشمەرگەکانی ئەیلوول و گشت شەهیدانی کورد و کوردستان و خانەوادە سەربەرزەکانیان.

– سڵاو لە گەلی کۆڵنەدەری کوردستان

– سڵاو لە تێکۆشەرانی دێرین و پێشمەرگەکانی ئەیلوول

– سەرکەوتن و ئازادی بۆ کوردستان

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
11ی ئەیلوولی 2019





سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرمانی هەرێمی بۆ جێگرانی دەرکرد

لە ڕاگەیەنراوێکدا بەڕێز فەوزی هەریری، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، فەرمانی هەرێمی بۆ دەستبەکاربوونی هەردوو جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەرکردووە، ئەمە دەقەکەیەتی:

ڕاگەیەنراوێک لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە:

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەتای ئەم هەفتەیە، ڕۆژی یەکشەممە 8/9/2019 فەرمانی هەرێمی بۆ دەستبەکاربوونی بەڕێزان جەعفەر مستەفا عەلی و مستەفا قادر مستەفا وەک جێگرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەرکرد.

فەوزی هەریری/سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
10/9/2019

شۆڕشی ئەیلوول.. هۆکار و ئەنجام



فازل میرانی *

ئەگەر دەتەوێت بە کورتی پێتی بناسێنم، ئەوە: شۆڕشێکە لە ساڵی 1961لە کوردستان هەڵگیرساوە، بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی، دژی سیاسەتەکانی عەبدولکەریم قاسم و کاریگەرییەکەی بەردەوام بوو تا واژووکردن لەسەر ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی 1970.

ئەگەر دەشتەوێ هۆ و وردەکارییەکانی هەڵگیرسانەکەیت بۆ باس بکەم و بەڵای خوێنەرەوە سەیر نەبێت، تووشی بێزاری نەبێت، هۆی هەڵگیرسانی، ئەو ئەقڵییەتەیە، کە میژوو و ئێستا دەخوێنێتەوە بە شێوەیەکی هەڵە و ناوەڕۆکێکی قەڵپ و بە کەیفی خۆی ڕاڤەی بۆ دەکات.

سیاسەتێکە بە لەناوچوونی ئەو ڕژێمانە کۆتایی هاتووە، کە خوێن و پارەیان خستووەتە ئەستۆی خۆیان، گەلانی عێراق پێی برسی بوون، لەژێر سایەی زوڵم ڕۆژی حیساب ڕیز دەبەستن، میژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، کە عەلی کوڕی ئەبی تالیب دەڵێ: لە ڕۆژی قیامەتدا لیوایەک بۆ زاڵمان دادەنرێت بانگ دەکات کێ زوڵمی کردووە و ئەو کەسە لە خەسارەتمەندانە.

شۆڕشی ئەیلوول، وەڵامدانەوەیەکی میللی بوو لە دژی ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی بەناوی سایکس ـ بیکۆ، سیاسییەکان لە ڕێگەیەوە دەستکەوتەکانیان دابەشکرد، هیچ حیسابێکیان بۆ خەڵکی نەکرد، بەم جۆرە لە سەردەمی پاشایەتی و کۆماری ژیاین، ڕووبەڕووی سیاسەتێکی بە قانون کراو بووینەتەوە، لە شێوازی بەپەراوێزخستن داهێنانیان کردووە، هەر یەکێک حەزی لە ڕزگار بوون بێت چ عەرەب چ کورد، یان شیعە، یان سوننە، تورکمان و ئاشووری و هەتا جولەکەکانی عێراق ڕزگاریان نەبوو لە بەپەراوێزخستن و تێکەڵکردنی چیرۆکگەلێکی میژوویی، کە لە تەوزیفیان بەرژەوەندی خۆیان تەوزیفیان کردووە، هەموومان دۆڕاین، بەڵام زیانەکان وەکو یەک نەبوون، هەتا بەو کەسەش گەیشت، کە هۆکارەکەی بوو، ئەمە وایکرد گەلانی عێراق لە شارستانیەت دوابکەون، فەرمانڕەوایانی عێراق زۆربەیان ژیان و دوامایییان لە دەست دا، لەبەر ئەوەی هەموو موفردەاتێکی دینییان بەکارهێنا، کە خۆیان وەک بڕوادارێک ناساند، کە شەریعەتی ئاسمان جێبەجێ دەکات، دەقی گوێرایەلیان ڕەچاو کرد و ئەو دەقانەیان فەرامۆشکرد، کە لە بەرژەوەندی ڕەعیەتەکانیان دایە.

شۆڕشی ئەیلوول، هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان هۆکارەکانی و هۆکارەکانی شۆڕشی عەرەبان لە ساڵی 1961?بۆ ڕزگاریخوازی لە بااڵدەستی عوسمانی، هەموو بنەماکانی پرۆژەی نەتەوەیی عەرەبی، لە پرۆژەی نەتەوەیی کورد دا هەیە، بەڵام ئەوانەی هی خۆیان بە هەق دەزانن و بۆ ئێمەیان نەدەویست، لێردەدا چۆنیەتی بیرکردنەوە بەدیاردەکەوێت، بیرکردنەوەیەک پێتویست بە دیراسەیەک دەکات، کە سوودەکەی بۆ ئەوانی تر بگەڕێتەوە، بۆ ئەوانەی هۆکاری شکستەکانی عێراق بۆ کەسەکان دەگەڕێننەوە، نەک شێوازی بیرکردنەوە، هەموو ئەوانەی یەک لە دوای یەک هاتن بە سووک و سانایی تەنها ڕەچاوی دەستکەوتی نێودەوڵەتییان دەکرد، جوگرافیایەکی نوێیان سەپاند، ناوچەگەلێکیان پێکەوە لکاند، کە لە وڵاتێکیان کردبۆوە دەسەاڵتی خۆیان بەسەردا سەپاندن لەژێر ناونیشانی سەروەریدا!.

شۆڕشی ئەیلوول، کە خەریکە بە ساڵیادی دەگەین، بەر لە زیاتر لە نیوسەدە هۆشداری نەهامەتی بارودۆخەکەی داوە، ئەگەر ئەقڵییەتی سەربازی بااڵی بەسەر دەسەاڵتدا کێشا، یان ڕێبازێکی بیروبڕوایی نوێنەرایەتی پوختەی دووبارەبوونەوەی ئەزموونەکانی حوکمی تاکە کەسی بکات.

پێشەکییەکانی ئەو نەهامەتیانەی بەسەر ڕەعیەت هاتووە، بەسەر دەوڵەت هاتووە، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت، ئەو دەوڵەتەی تاکەکان دایدەمەزرێنن، دەبێت دەزگەیی بێت، بەبێ جیاوازی بەرژەوەندییەکان بەڕێوە ببات، چونکە تاک هەرچەندێکی پلەی ڕاستەقینەی بەرز بۆوە، لە کۆتاییدا ئەو مرۆڤە سونەتی ژیان و مردن بەسەریدا بااڵدەستە. پێغەمبەران و پیاوچاکان تەنها بەوە نەمر بوون، کە بە ئەمانەتەوە پەیامەکانی ئاسمانیان گواستووە، ڕابەرانی میژوویی، بەوە پێشەوایەتی گەلەکانیان دەکەن، کە ڕێوشوێنێک بۆ نەوەکانی دواڕۆژ دابڕێژن.

شۆڕشی ئەیلوول، شۆڕشی کوردە، کوردستانی و عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە، وەک هەر شۆڕشێکی دیکەی بە ئەینساف، ئەو بە خەڵکەکەی و سەرکردەکەی و ناوچەکەی و هزرەکەی بە شۆڕشی کورد دادەنرێت، نە بارزانی نە میللەت، نەیانویست ببێتە پرۆژەیەکی دووبارەبوویەوەی ئەزموونەکانی پاش کۆدەتا سەربازییەکان لە جیهانی عەرەبیدا، لێردا دەبێت ئاماژە بە ڕێوشوێنەکانی سیستمی کۆماری بکەین، هەق بە خۆی نادات لەسەر حیسابی سیستمێکی تر، پاشایەتی یان غەیرە پاشایەتی، چونکە هەموو کۆمارییەکان بەهەشتی یاسا نین، هەموو پاشایەتییەکانیش دۆزەخ و نەهامەتی نین، ئەمە لە خۆیدا پێویستی بە وتارێکە.

ئەیلوول شۆڕشێکی کوردستانییە، چونکە حزبی دیموکراتی کوردستانمان، حزبێکی واقیعبینانەیە لە ڕووی تێڕوانین و هەنگاونانەوە، گۆڕەپانی بۆ ئەوانە کردەوە، کە خۆیان تیادا تۆمار کردو ڕەچاوی تێبینییەکانی کردن لە کاروانەکەیدا پاش ساڵی 1958?واتە لە نیشتمانپەروەرانی، کە نوێنەرایەتی گەلی کوردستانیان دەکرد.

شۆڕشێکی عێراقییە، چونکە خەڵکێکی نیشتمانپەروەری عێراقی پاڵپشتی کرد، کە عێراق فراوانتر و گەورەترە لەوەی لە دەسەاڵتێکی سەربازی چڕ بکرێتەوە، کە تێڕوانینی تاکە حزبێک پاڵپشتی بکات، کە ئەو کاتە باو بوو.

لە کۆتاییدا، ئێمە دادگایی میژوو ناکەین، دادگایی دوێنێش ناکەین بە پێوەری ئەمڕۆ، بەڵام شۆڕشمان کرد، لەسەر هەمان ئەقڵییەت، کە بڕوای بە پێشە خۆیان هەیە، واتە کە خۆی دەخاتە پاڵ سەرپێهاتەکە و واز لە دەقەکە دێنێت.

شۆڕشمان لەسەر ئەو کەسانە کرد، کە دەستووریان نووسی و لەبیریان کرد چییان نووسیوە. بە نەوە ئازیزەکانمان دەڵێین، تەجرەبەکانمان بە چاوێکی پڕ لە ئینسافەوە بخوێننەوە، تا هەمان هەڵە دووبارە نەکەنەوە. ئەگەر ویستت قسەکانم بە قسەیەکی خودای تەبارەک و تەعالا کۆتایی دێنم، دەڵێم: "ئەوانەی کوفر و زوڵمیان کرد خوا لێیان خۆشنابێت و نایانخاتە سەر ڕێگایەکی ڕاست". ڕاستی فەرموە خودای تەعالا.

*** سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان**

لە عەرەبییەوە: شوان سەرابی
لە ژمارەی ڕۆژی 2019/9/8 ڕۆژنامەی الزمان بااڵوبۆتەوە

کونسوڵی فەرەنسا:

هەرێمی کوردستان بە ماڵی خۆم دەزانم و گرنگە بۆ فەرەنسا سەقامگیری زیاتر لە هەرێم بێتە ئاراوە



پێشنیوەرۆی دوێنێ سێشەممە، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە نووسینگەی تایبەتیی خۆی لە تەلاری پەرلەمان بە ئامادەبوونی منی نبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان پێشوازیی لە ئۆلیڤیێ دێکوتینیێز کۆنسوڵی نوێی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە دیدارێکدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وێڕای پیرۆزباییکردن لە ئۆلیڤیێ دێکوتینیێز بەبۆنەی دەستبەکاربوونی وەک کۆنسوڵی نوێی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان، باسی لە پەیوەندی و دۆستایەتیی دێرینی نێوان کوردستان و وڵاتی فەرەنسا کردو سوپاسی هەڵوێستەکانی ئەو وڵاتەی کرد کە لە رۆژە سەختەکاندا پشتگیرییان لە خەڵکی کوردستان کردووە، پاشان باسی لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کرد کە لەئێستادا گفتوگۆکان بەردەوامن لەنێوانیاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان.

هەر لە دیدارەکەدا هێمن هەورامی باسی لە پشکی بودجەی عێراق و مادەی 16 لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و سەرهەڵدانەوەی داعش کرد لەو ناوچانەی کە لەئێستادا پێشمەرگەیان تێدا نەماوە کرد. لە بەرامبەردا ئۆلیڤیێ دێکوتینیێز کۆنسوڵی گشتی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان سوپاسی پەرلەمانی کوردستانی کردو رایگەیاند: هەرێمی کوردستان بە ماڵی خۆم دەزانم و گرنگە بۆ فەرەنسا سەقامگیریی زیاتر لە هەرێمی کوردستان و عێراق بێتە ئاراوە. هەروەها هیواشی خواست لە داهاتوودا سەرۆک ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە بکات.

هۆشیار زێباری:

سەرجەم لایەنە کوردستانییەکان لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق بە یەک لیست بەشدار دەبن



هۆشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی عێراق و بە تایبەت پارێزگای کەرکووک رایگەیاندووە: بۆچوونی پارتی و سەرجەم لایەنەکان لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان ئەوەیە کە لەو ناوچانە بە یەک لیست دابەزن تاوەکو لە بەرێوەبەردنی ئەم شۆینانە دەنگ و ڕەنگمان هەبێت.

زێباری بە کوردستان تیڤی ڕاگەیاندووە: ئەو یاسایەی کە لەو بارەوە لە لایەن حکوومەتی عێراق دەرچووە لە بەرژەوەندی کورد نیە، بۆیە دەبێت بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی، بە یەک دەنگ و یەک لیست، لەو هەڵبژاردنانە بەشداری بکەین کە بڕیارە لە مانگی نیسانی 2020 بەڕێوەبچێت.

بەغدا 24 ملیار دۆلاری هەرێم قەرزارە



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرای کرد، ئەوان کار بۆ کەمکردنەوەی بودجەی سیادیی عێراق دەکەن و گوتی بەغدا بڕی 24ملیار دۆلاری هەرێمی کوردستان قەرزارە. د. ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە خەباتی ڕاگەیاند: گەشبینین بەوەی حکوومەت و فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەبەغدا بەیەک تیم بەشداریی گفتوگۆکانی هەولێر و بەغدا بکەن. ئەوەشی ئاشکرا کرد، بەغدا لە 2014ەوە تاوەکو 2018بڕی 24ملیار دۆلاری هەرێمی کوردستان قەرزار بووەتەوە، بڕێە دەمانەوێت قەبارەی بودجەی سیادیی عێراق کەم بکەینەوە، چونکە تا بودجەکە کەم بکرێتەوە، بودجەی کوردستان زیاتر دەبێت.

لەلایەن خۆشیەوە بەیار تاهر، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە خەباتی گوت: وەک فراکسیۆنی پارتی پێمان وایە بودجەی سیادیی عێراق زۆرە و لە هەوڵی جددی داین بۆ کەم کردنەوەی بودجەکە. دووپاتیشی کردەوە، تا بودجەی سیادیی عێراق زیاتر بێت، بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان کەمتر دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی بەغدا پارەیەکی زۆری هەرێم گل دەداتەوە بە بیانووی بودجەی سیادییەوە. ئەو ئەندامە کوردەی پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد کە پێکهاتەی عەرەبە شیعەکان پێداگرن لەسەر زیادکردنی بودجەی سیادی و پێویستە لەمبارەیەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکرێت.

نەوزاد هادی: فرسەت سۆفی کاندیدی پارتییە بۆ پارێزگاری هەولێر بە هەموو دامودەزگاکانەوە خزمەتی شار و پارێزگای هەولێرمان کرد



نەوزاد هادی مەولود لە دایکبووی 1963ی شاری هەولێرە و لە سالی 2004 تاوەکو ئێستا پارێزگاری هەولێرە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاری کارەبا وەرگرتووە لە زانکۆی سەلاحەددین.

لە ساڵانی 1992 تاوەکو 1996لە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک ئەندازیارێک لە ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق و دەزگای سەتەلایتی کوردستان کاری کردووە. لە سالی 1997وەک بریکاری وەزارەتی گواستەوە و گەیاندن لە کابینەی چوارەم دەستبەکاربووە و تا سالی 2004لە پۆستەکەیدا بەردەوام بووە، دواتر بووە بە پارێزگاری هەولێر.

هەولێر، نەوزاد هادی ڕاشیگەیاند: بەش بەحاڵی خۆم لە سۆنگەی بڕوابوون بە دۆزی کورد بڕوابوون بەوەی کە ئێمەش دەتوانین وەک وڵاتانی دیکە پایتەختەکانیان پێش بخەن، بە هەموو دامودەزگاکانەوە خزمەتی شار و پارێزگای هەولێرمان کرد.

دواتر ئاماژەی بەوە کرد: من لە سالی 2004ەوە هەتا ئەمڕۆ کە زیاتر لە 15ساڵ پۆستی پارێزگاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانم لە ئەستۆ بووە، لە ئەمڕۆ ئەرک و پۆستەکەم دەسپێرمە بڕای بەڕێزم کاک فرسەت سۆفی و هیوادارم لە کارەکانیدا سەرفەراز بێت و پێم وایە خزمەتکردن عیبادەتە و دەرفەتیش زۆر گرنگە و ئەم شانسەم هەبووە لەم شارە ڕەنگینە خزمەت بکەم.

پارێزگاری هەولێر پاش زیاتر لە 15ساڵ بەڕێوەبردنی ئەو پۆستە دوێنێ سێشەممە لە پرێس کۆنفرانسێک و لە کاتی ماڵاوایکردن لە پۆستەکەی، سوپاسی سەرۆک بارزانی و هەموو لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستانی کرد و گوتی فرسەت سۆفی کاندیدی پارتییە بۆ پارێزگاری هەولێر.

پارێزگاری هەولێر، نەوزاد هادی گوتی: لە ماوەی پازدە ساڵدا، وەک یەک تیم کارمان کردووە بۆ خزمەتکردنی هەولێر، بازنەی هەولێر لە سێ کیلۆمەترەوە کراوە بە 13 کیلۆمەتر دریژایی کە بەپێی ماستەر پلان بەڕێوەچووە. پارێزگاری هەولێر ئاماژەی بەوەشکرد لە ماوەی ئەو پازدە ساڵەدا، نزیکەی 12ملیار دۆلار لە هەولێر خەرجکراوە. لە گوتارەکەیدا، پارێزگاری هەولێر، نەوزاد هادی ڕاشیگەیاند: بەش بەحاڵی خۆم لە سۆنگەی بڕوابوون بە دۆزی کورد بڕوابوون بەوەی کە ئێمەش دەتوانین وەک وڵاتانی دیکە پایتەختەکانیان پێش بخەن، بە هەموو دامودەزگاکانەوە خزمەتی شار و پارێزگای هەولێرمان کرد.

دواتر ئاماژەی بەوە کرد: من لە سالی 2004ەوە هەتا ئەمڕۆ کە زیاتر لە 15ساڵ پۆستی پارێزگاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانم لە ئەستۆ بووە، لە ئەمڕۆ ئەرک و پۆستەکەم دەسپێرمە بڕای بەڕێزم کاک فرسەت سۆفی و هیوادارم لە کارەکانیدا سەرفەراز بێت و پێم وایە خزمەتکردن عیبادەتە و دەرفەتیش زۆر گرنگە و ئەم شانسەم هەبووە لەم شارە ڕەنگینە خزمەت بکەم.

داعش لە سەروبەندی دروستبوونەوەدایە...

نەتەوەیەکگرتووەکان: 30 هەزار چەکداری داعش لەماوەی جەنگی پێنج ساڵەدا زیندوو ماون



خەبات: کەنعان بەهادین

جێمس جێفری نێردەی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ کاروباری سووریا و عێراق ڕایگەیاند، لەماوەی چوار مانگی دیکەی داهاتوو لەباکووری فورات و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا چالاکییەکانی داعش بە شێوەیەکی کاریگەر دەردەکەوێتەوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە زیاتر لە 30 هەزار چەکداری داعش لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردووی جەنگ زیندوو ماون و خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەن.

ئەم زانیارییانەی جێفری لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانیش پشتڕاست کراوەتەوە کە بەهەزاران چەکداری داعش لەنێو خاکەکانی سووریا و عێراق هاموشۆ دەکەن و خەریکی خۆ کۆکردنەوەن، وێڕای بوونی 10هەزار چەکداری دیلکراوی داعش لە بەندیخانەکانی هێزە کوردییەکانی سووریا بەندیخانەکانی عێراقیش، بۆ ئەمە نەتەوەیەکگرتووەکان هۆشداری بڵاوکردەوە کە لە ڕێگەی شانە نووستووەکان چاوەڕێی دەکرێت داعش دووبارە دەربکەونەوە.

جێی باسە هەموو جیهان چاویان تێبڕیبە باهۆز، بەهیوای کۆتایی هاتنی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە هێزی تاریکی و تیرۆریستی داعش، بەڵام نەتەوەیەکگرتووەکان هۆشداری بڵاو کردەوە کە سەرکردەکانی داعش خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەن، بەپێی ڕاپۆرتەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان هاتووە کە پتر لە 30هەزار چەکداری داعش لە ڕێگەی خۆ خزاندنە نێو ریزی مەدەنییەکان لەحاڵی ئێستادا خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەن، چاوەڕێی کاتژمێری گەڕانەوەن، ڕۆژبەی ڕۆژی ئەو ژمارەش لە عێراقدان بەو پێیەی کە گوومان دەکرێت ئەبوبەکر بەغدادی لەعێراق شاردرابێتەوە. بەپێی زانیارییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانیش، ئەو چەکدارانە ڕۆژ بە ئاسانی هاموشۆی عێراق و سوریا دەکەن، خاوەنی تۆڕێکی هەواڵگری فراوانن لەنێوانی سنورەکانی ئەو دوو وڵاتە.

عێراق.. گواستنەوەی خێزانەکانی داعش بۆ کەمپێکی دیکەی سەلاحەددین

سەرچاوەیەکی ئەمنی عێراقی ڕاگەیاند کە هێزە ئەمنییەکان، کەمپی شەرگات باکووری پارێزگای سەلاحەددینیان لە خێزانەکانی داعش چۆڵکردووە. ئەفسەر لە پۆلیسی سەلاحەددین، نوعمان جبوری ڕایگەیاند: دوێنێ سێشەممە ئەو خێزانانەی داعش لە کەمپی شەرگات باکووری پارێزگای سەلاحەددین لەژێر سەرپەرشتی هێزە ئەمنییەکاندا گواستراونەوە بۆ کەمپی شەهامە لە شاری تکریت ناوەندی پارێزگاکە.

نوعمان جبوری ئاماژەی بەوەش کرد کە بە هۆی فشاری هۆزەکان کە بەردەوامبوونی خێزانەکانی داعش لە سنووری پارێزگای سەلاحەددین ڕەتدەکەنەوە، کەمپەکەی شەرگات لە خێزانەکانی داعش چۆڵکراوە.

جێی باسە ڕۆژی دووشەممە پارێزگاری سەلاحەددین، عەمار جەبر ڕایگەیاندبوو کە بڕیاردراوە بە داخستنی سەرجەم ئەو کەمپانەی کە خێزانەکانی چەکدارانی داعش لە پارێزگاکە تیایدا نیشتەجێکراون.

نەتەنیاهو: ئێران شوێنێکی نهێنی هەیە بۆ پەرەپێدانی چەکی ناوەکی لە نزیک ئابادی

سەرۆک وەزیری ئیسرائیل بنیامین نەتەنیاهو ڕایگەیاند، ئێران لە شوێنێکی نهێنی لە نزیک شاری ئابادی پەرەی بە چەکی ناوەکیی داوە، بەڵام دوای ئاشکرا بوونی، شوێنەکە و دامەزراوەکانی لەناوبردووە. بەپێی هەواڵێکی دەنگی ئەمەریکا ئەمە یەکەمین جارە نەتەنیاهو شوێنەکە دیاری دەکات و گوتوویەتی لەنێو کۆمەڵێک بەڵگەنامەی ئێرانیدا ئاشکرا بووە کە سالێ ڕابردوو ئیسرائیل بەدەستی گەیشت و بۆ جیهانی ئاشکرا کرد.

نەتەنیاهو لە لێدوانێکیدا لەسەر کۆمەڵێک وێنەی هەمان شوێنی پیشاندا بەڵام دوای چەند مانگێک، هیچ کام لەو بینایانەی تێدا نەمابوو، نەتەنیاهو ڕایگەیاند "کاتێک ئێران زانی ئێمە شوێنەکانمان ئاشکرا کردووە، ئەمەی کردووە.

ئەوەشی گوتووە "شوێنەکەیان شەشی سالی 2019لە دامەزراوەیەکی ئابادی گیراون.

دواتر نەتەنیاهو کۆمەڵێک وێنەی هەمان شوێنی پیشاندا بەڵام دوای چەند مانگێک، هیچ کام لەو بینایانەی تێدا نەمابوو، نەتەنیاهو ڕایگەیاند "کاتێک ئێران زانی ئێمە شوێنەکانمان ئاشکرا کردووە، ئەمەی کردووە.

ئەوەشی گوتووە "شوێنەکەیان لە ناوبردووە. بەتەواوەتی سڕیوانەتەوە. " جێی باسە ئەم لێدوانانەی نەتەنیاهو لە کاتێکدایە دەزگای وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی ئاماژەی بەوەدا هەندێک شوێنەواری پیتاندنی یۆرانیۆمیان لە شوێنێکی جیاواز لە ئێران دۆزیوەتەوە، نەتەنیاهو سالێ ڕابردوو لە وتارەکەیدا لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بەو شوێنە دابوو.

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/9/11 ژمارە (5825) | خەبات

وەزیری ناوخۆ لەگەڵ فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە کوردستان کۆبووەوە



دوێنێ سێشەممە 10/9/2019 ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت پێشوازیی لە کولونیل قەندیناباش و کۆڵۆنیل هۆلدن فەرماندەی پێشوو و تازەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەریان کرد. سەرەتای دانیشتنەکە، کولونیل قەندیناباش رایگەیاند کە بەهۆی تەواوبوونی ئەرکەکەی لە هەرێمی کوردستان بۆ مالئاوایی و ناساندنی فەرماندەی تازەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان و بەردەوامیی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان هێزەکانی هاوپەیمانان و هێزەکانی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم سەردانەیان ئەنجامداوە، دواتر ڕەوشی ئەمنی و سیاسی لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و پەرەسەندن و دوا پێشهاتە سیاسی و سەربازییەکان لە ناوچەکە و سەرهەڵدانەوەی داعش لە ناوچە جێناکۆکەکان و زیاترکردنی هەماهەنگی نێوان هەردوولا بۆ لەناوبردنیان گفتوگۆیان لەسەر کرا. لەلایەن خۆشیەوە وەزیری ناوخۆ هیوای سەرکەوتنی بۆ هەردوو فەرماندەی پێشوو و تازەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان خواست لە ئەرکی نوێیاندا و، سوپاسی هێزەکانی هاوپەیمانانی کرد بۆ ئەو هاوکاری و پشتیوانییەی لە ماوەی رابردوودا پێشکەش بە هێزی پێشمەرگەیان کردووە لە شەڕی تیرۆریستانی داعش بە مەشق و ڕاهێنان و پێدانی چەک و پێداویستی جەنگ، هیواشی خواست ئەم هەماهەنگی و هاوکارییانە بەردەوامبن و زیاتریش پەرەیان پێ بدرێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریستان.



ئەیلوول و سەراکەی سلێمانی لە مێژوودا



ساسان دەروێش-هۆڵەندا

ئەیلوول لە ڕۆژمێری مێژوویی هاوچەرخی گەلی کوردا، بووتە مانگێکی هەنگوین و پڕشیرین، وێڕای سەختی ئەو ڕۆژگارانەی لەم مانگەدا تێپەڕیون بەخۆشی و ناخۆشییەکانییەوە بوونەتە بەشێک لە مێژوویی نەتەوەییمان و یادەوەری بۆ بیرهێنانەوەیان، شۆڕشی ئەیلوول بە گەورەترین شۆڕشی سەدەی بیستەم دەژمێردرێت لە ناوچەکەدا کە خاوەنی زیاتر لە حەفتا هەزار شەهیدی سەربەرزە و جوان وپیری ئەم نەتەوەیە تێیدا بوونە پێشمەرگە و پارێزەری نیشتمان و داکۆکیکار لە ماف و ئازادیی گەلەکەیان، سەرۆک مەسعود بارزانی لە دوا پەرتووکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلوول 1961ڕ 1975) دەفەرموێ: مێژووی ڕاستەقینەی هەڵگیرسانی شۆڕش 9ی ئەیلوولی 1961 بوو کە ئەو ڕۆژە لەشکری عێراق لە زۆر ناوچەدا هێرشی هێنایە سەر هێزەکانی کورد، هێزەکانی کوردیش زاخۆیان لەو ڕۆژەدا ئازاد کرد، بەڵام 11ی ئەیلوول بە مێژووی ڕەسمی هەڵگیرسانی شۆڕش دانرا، چونکە بالەفڕە جەنگییەکانی عێراق لەو ڕۆژەدا لە ئاسمانی کوردستاندا بەدەرکەوتن و دەستیاندایە بۆردوومانکردنی ناوچەگەلێکی بەربڵاو کە چەندین گوند و شارۆچکەیان دەگرتەوە، شۆڕشی ئەیلوول بنەمای پتەوی بۆ خەباتی داڕۆژی گەلی کورد لە پێناوی ئازادیدا دارشت، لە ڕوانگەی ئەم وتەیەی سەرۆک بارزانی بۆ شۆڕشی ئەیلوول تەواوی خەڵکی کوردستان تێیدا بەشداربوون لە تێکۆشان و قوربانی بەخشین لەو شۆڕشەدا، کە تا ئێستاش بەردەوامە لەو کاتەی کە خانەوادەکەم لەو کاتەی کە بارزانی و بارزانییەکان هێنرابوونە شاری سلێمانی و باپیرم دەرویش نادر ئەحمەد لە نزیکەوە چەند جارێک گەیشتبوو بە بارزانیی نەمر و دواتر پەستەکێکی خۆیی پێشکەشی بارزانیی نەمر کردووە، ئەمە بووتە سەرەتایەک بۆ تێکەڵبوونی بیروباوەڕی بارزانی و خۆشەویستی پارتەکەی بە خانەوادەکەمان و بوونی باوکم بە پێشمەرگە و نزیکی بارزانی و متمانەپێکراوی کە هەر ئەو خۆشەویستییەش دەیگەیەنێتە چاڵە نەوتەکانی زەمبوور لە کەرکووک بۆ لێدانی بیرە نەوتەکان لە ساڵی 1965 و دواتر گیانی خۆشی پێشکەش دەکات و بەندەش وەک کوڕی ئەو شەهیدە هەنگاوەکانی دەبڕم و لە خەبات و تێکۆشان بەردەوامم وەک نووسەرێک و پێشمەرگەناسا، لێرەوە دێمە سەر مێژوی شاری سلێمانیی بارزانی پەروەر و سەراکەی، کە مێژوویەکی پڕ لە شانازییان لە مانگی ئەیلوول پێ بڕاوە، کاتێک ئیبراهیم پاشای بابان لە 14ی تشرینی دووەمی ساڵی 1784دا شاری سلێمانی دامەزراندووە و پایتەختی میرنشینەکەی لە قەڵاچوالانەوە گواستووەتەوە بۆ سلێمانی و بینای سەرای بێگومان سەرای سلێمانیش وێڕای شەشی ئەیلوول 1930 کە ڕۆژێکی ڕەشە بۆ خەڵکی ئەو شارە لە ڕابردوو و ئێستاشدا لەبەردەم ئەم سەرایە چەندین گردبوونەوەی فراوانی خۆپیشاندەران کۆبوونەتەوە، سازکردنی مەراسیمی دانانی یەکەم مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی حەفید ساڵی 1918 لە بەردەرکی سەرا کە ئەم شارە یەکەم پایتەختی حکومەتی کوردییە، لە بەرواری 1956/10/9 خۆپیشاندانی جەماوەری شاری سلێمانی لەبەردەم سەرای سلێمانی لە کاتی هاتنەوەی تەرمی شێخ مەحمودی حەفید، کاتیکیش بارزانی و بارزانییەکان لە کۆتایی سییەکان ڕاگواسترابوون بۆ شاری سلێمانی و دواتر بارزانی خۆی گەیاندبووە بارزان و بەشداری کۆماری مەهابادی کرد و لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران مایەوە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی 14ی تەموزی ساڵی 1958 گەڕایەوە بۆ کوردستان لە 1958/10/30سەردانی سلێمانی کرد وەک وەفایەک بۆ ئەو هەموو هاوکاری و خۆشەویستییەی خەڵکی شاری سلێمانی نواندیان لە دەست بەسەربوونیان لەو شارا، لە دوای سەردانیکردنی چەند شوێنێک سەردانی سەنتەری شار و بەردەرکی سەرا دەکات و سەردانی موتەسەریفی سلێمانی هادی ڕەشید چاوشلی دەکات و دواتر لە نێو ئاپۆڕای جەماوەری شاری سلێمانی لەو مەیدانە وتارێکی گرنگ و مێژوویی پێشکەشی شاری سلێمانی دەکات، دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت لە هەر لەم مانگەدابوو مانگی ئەیلوول کە سەرۆک بارزانی بە هەوڵ و هیمەتی خۆی و کۆکردنەوەی حزب و گەل پێکەوە بڕیاری ریفراندۆمیان دا و لە 25ی ئەیلوول ساڵی 2017 سەرئەنجام لە ٪92ی دەنگدەران دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا کە وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی بووە بەشێک لە مانگی ئەیلوول، بەندەش لە وێژدانەوە ئاسوودەم کە وەک پیفرانداۆمچییەک چ لە تاراوگە بە بەشداربوونم لە کۆڕ و کۆبوونەوە و ئاهەنگەکانی ئەم بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییە بەشداربووم و چ وەک ئەندامبوون لە کۆمیتەی هۆڵەندای سازکردنی فێستیڤاڵی کۆڵن و چوونەوەم بۆ کوردستان و دەنگدانم بەخۆینی شەهیدان و شەهیدبوونی باوکم لە پێناوی ئەم ڕێبازە پیرۆزە کە ریبازی کوردایەتی و سووربوونە لەسەر خەونی بوونی کوردستان بە دەوڵەتبوون، سلاو لە مانگی ئەیلوول، مانگی شۆڕش و سەرکەوتنەکانی کورد و کوردستان و پێشمەرگە و شەهید.

پێویستە جەهەپە قۆناغی کەمالیزم تێپەڕێنێت و ئاشتی لەگەڵ کورددا ڕابگەیەنێت



پارتی داد و گەشەپێدان فەرمانڕەوای تورکیا لەسەر ئاستی وڵاتەکە و لەسەر ئاستی ناوخۆیی خۆیشی ڕووبەڕووی ژمارەیەک قەیرانی ئابووری و سیاسیش بۆتەوە.

هەرچەندە ئاکەپە هەوڵەکانی خۆی چڕکردۆتەوە بۆ چارەسەرکردن بەڵام لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و زۆرێکیش لە چاودێر لەو بڕوایەدان ئەو هەوڵانەی ئاکەپە و مەهەپەی هاوپەیمانی دەیدەن ناتوانن تورکیا لەو قەیرانانە دەرباز بکەن، دەشڵێن سیاسەتەکانی ئاکەپە پەیڕەوی کردوون وەهای کردووە ژمارەیەک لە بەرپرسەکانی ئاکەپە لە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، ڕابەری ئاکەپە و سەرۆکی تورکیا جیابنەوە. ئەم قەیرانە ناوخۆییانە نەبوونەتە مایەی ڕێگەگرتن لە ڕێبەرانی ئاکەپە تا دەستبەرداری سیاسەتەکانی پێشوویان بن وەک لادانی کاربەدەستە هەڵبژێردراوەکانی کورد لە پۆستەکانیان.

سەرۆکی بەشی تورکیا لە نێوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بنکە لە واشنتۆن دەڵێت ئەو بڕیارەی دادگا داویەتی سەبارەت بە شارەوانە کوردەکان بڕیاری سیاسیین نەک یاسایی، دەشڵێت بۆ تێگەیشتنیش لەوەی بۆچی ئەو بڕیارە دراوە ئەوا پێویستە سەیری ئەو هاوپەیمانێتیانە بکرێن کە ئەردۆگان لەناو تورکیادا پێکیهێناون.

دکتۆر گونول تۆڵ دەڵێت: نهێنی سەرکەوتنەکانی تا ئێستای ئەردۆگان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هاوپەیمانێتیەی لەگەڵ مەهەپەدا کردویەتی و هەر ئەمەشە وەهای کردووە لە ساڵی 2015وە ئەردۆگان هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن ببات‌ەوە، ئەمە بێ لەوەی ئەو هاوپەیمانێتیەی نێوان ئاکەپە و مەهەپە پێگەیەکی تۆکمەی بە ئەردۆگان داوە تا ڕێبازێکی زۆر توند بگرێتەبەر بۆ دژایەتیکردنی کورد لە تورکیادا.

دکتۆر گونول باس لەوەش دەکات ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە شارە گەورەکان و گرنگەکانی تورکیادا ئاماژەیەکن بەوەی تەنانەت دەنگدەرانی نەتەوە پەرستانی مەهەپەش نەیانتوانیوە ئەردۆگان بپارێزن لەو شکستانەی ڕووبەڕووی دەبوونەوە و دەڵێت: ئەمەش ئاماژەیەکە بەوەی هاوپەیمانێتیکردنی ئەردۆگان لەگەڵ نەتەوە پەرستانی مەهەپەدا لە مەودای درێژخایەندا زیانێکی زیاتری لێدەدات. هەر بۆیە پێویستە ئەردۆگان بگاتە ڕێککەوتن لەگەڵ کورددا، هەرچەندە ئەمەش بێ کێشە نابێت.

سەبارەت بە ئەگەری هاوپەیمانێتی نێوان کورد و جەهەپە، دکتۆر گونول دەڵێت: فاکتەری سەرەکی ئەوەیە ئایا پارتی کرێکارانی کوردستان چی دەکات لە ئایندەدا؟! چونکە جەهەپەش لایەنێکی نەتەوە پەرستە، ئەگەر پەکەکە بەردەوام بێت لە شەڕی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا و هێرشکردنە سەر شارەکان درێژەیان هەبێت و خەڵکی بێتاوان بکوژرێن ئەوا بۆ جەهەپە زۆر قورس دەبێت بتوانێت هاوپەیمانێتییەکی فەرمیانە لەگەڵ هەدەپەدا پێکبهێنێت و ڕایبگەیەنێت. هەر بۆیە بە پلەی یەکەم و سەرەکی کەوتۆتە سەر ستراتیژیەتی پەکەکە لە ئایندەدا.

سەبارەت بە پرسی دەرکەوتنی زیاتری ئەم کێشە و ئاڵۆزیانەی ناو بواری سیاسی تورکیا، ئایا دەکرێت وەک سەرەتایەک بۆ کۆتاییهاتنی قۆناغی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لێی بڕوانرێت؟ دکتۆر گونول دەڵێت هیوای هەن، چونکە دەبینێت کاتێک ئۆپۆزسیۆنەکانی وڵاتەکەی پێکەوە کاردەکەن دەتوانن زەمینەی خۆیان بڕەخسێنن بۆ سەرکەوتن لە ململانێکاندا. دەشڵێت: تەواوی هیواکانیش کەوتوونەتە سەر چۆنیەتی سەروسەودا کردنی ئۆپۆزسیۆنەکان لەگەڵ دۆسێکاندا لەم دوو یان سێ ساڵەی داهاتوودا. دەشڵێت: دەرفەتێکی زێڕینیان لەبەردەستدایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، ئەگەریش ئاوەها بکەن ئەوا بەبێ هیچ گومانێک ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا دەبنە سەختی و تەگەرەیەکی گەورە بۆ سەرۆک ئەردۆگان لە ساڵی 2023دا.

سەرچاوە/ دەنگی ئەمەریکا

بەرپرسێ لقێ ئێک پێشوازی ل وەزیرێ روشەنبیری و لاوان کر



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنی سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا (حەمەی حەمە سەعید) وەزیرێ روشەنبیری و لاوان یێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ و شاندێ دگەلدا کر. ئەڤە و دقێ رونشتنێ دا بەرپرسێ لقێ خێرهاتنەکا گەرم لێ کر و گوت کابینا نەهێ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ بارەک قورس ل سەر مللی یە ژبو ب جهـ ئینانا حەزو و هیڤی و داخازیێن خەلکی و ئەم پشت راستین کو کابینا نەهێ دێ خو ڤان داخازێن خەلکی کەتە خودان و گیرو گرفتێن وان قورتال کەت، هەروەسا بەرپرسێ لقێ گوت وەزارەتا روشەنبیری و لاوان وەزارەتەک هەرا هەستیارە کو کارێ وێ دگەل کاسانێن روشەنبیرو هونەرمەندو روشەنفکرو لاوانە و ئەڤ تەخە ژی تەخەک کاریگەرە دناڤ جڤاکی دا و دڤێت هەو پلان هەبن ژبو نفشێ داهاتی ژپەروەردە و رەوشەنبیرکرنا وان هەروەسا بەرپرسێ لقێ پشتەڤانیا خو بو هەر پێتڤیەکێ ژبو ڤێ سازیێ دیارکر.

وەزیرێ روشەنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژبو ڤێ پێشوازیا گەرم و گوت هەمی شیانێن خو دەینە کار دحکومەتا هەرێما کوردستانێ ژبو خزمەتکرنا هەمی تەخ و تویژێن کوردستانێ.

321 ملیۆن دینار بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی گەڕەکێکی شاری هەولێر تەرخانکرا

بە گوژمەی 321 ملیۆن دینار، پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ گەڕەکی سیمی خاتوناوا جێبەجێ دەکرێت.

لەبارەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەشەوە ئەندازیار بۆتان خۆشناو بەڕێوەبەری شارەوانی چواری هەولێر بە کوردستان تیڤی ڕاگەیاند: ماوەیەکی زۆرە گەڕەکی سیمی خاتوناوا دروستبووە بەڵام پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی بۆ دابین نەکراوە و تەنیا پڕۆژەکانی ئاو و کارەبای بۆ جێبەجێکراوە.

سەرۆکی شارەوانی 4ی هەولێر ڕاشیگەیاند: سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو گەڕەکە گوژمەیەکی بە بڕی 321 ملیۆن دینار بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی گەڕەکەکە دابینکردووە و دەست دەکرێ بە دروستکردنی شەقامەکانی گەڕەکەکە.



شارەوانی هەولێر:
گەڕەکی سێبەردان تاپۆ دەکرێت

سامان محەمەد سەرۆکی شارەوانی هەولێر ڕایگەیاند: خانووەکانی گەرەکی سێبەردان تاپۆ دەکرێت.

سەرۆکی شارەوانی هەولێر گوتیشی: دوای ئەوەی لەلایەن دانیشتوانی گەرەکی سێبەردان داواکاری بۆ تاپۆکردنی خانووەکانیان پێشکەش کرا، بڕیار درا لەماوەیەکی نزیکدا دوای هەڵگرتنی زێدەڕۆییەکانی نێوان سێبەردان و تارینو خانووەکانیان تاپۆ بکرێت.

سامان محەمەد سەرۆکی شارەوانی هەولێر گوتیشی: ئەو گەڕەک و شوێنانەی تا ئێستا قیرتاو نەکراون بڕیاری قیرتاوکردنیان بۆ دەرچووە و لەماوەیەکی نزیک دەست دەکرێت بەقیرتاوکردنیان.

وەزیری ئەوقاف بەیاوەری شاندێکی وەزارەت سەردانی میر حازم تەحسین بەگ میری ئێزیدیان دەکات



د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەیاوەری زمارەیەک لە بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقاف سەردانی میر حازم تەحسین بەکە میری ئێزیدیان کرد و لەلایەن میر حازم بەگ و ئەنجومەنی ڕۆحانی ئێزیدی قائیمقامیەتی قەزایی شێخان بەگەرمی پێشوازیان لێ کرا .

لەدیدارێکدا میری ئێزیدیان خۆشحاڵی خۆی بەسەردانی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بۆ دەڤەری شێخان دەربڕی و ڕایگەیاند ئەوپەری خۆشحاڵن بەهاتنی جەنابیان لێرەشەوە تەئکید لەبرایەتی و خۆشەویستی گیانی پێکەوەیی نێوان هەموو پێکهاتەکانی کوردستان دەکەینەوە. سەرەتا وەزیری ئەوقاف پیرۆزبای تایبەتی ئاراستەی میر حازم کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەک میری ئێزیدیانی جیهان.

دواتر ڕایگەیاند کە ئێزیدیەکان پێکهاتەیەکی گرنگی هەرێمی کوردستانن و بەشێکن لە لەمیژوو کلتوور شارستانیەتی گەلی کوردستان ، ئێزیدیەکان لەمیژوودا ئەوەیان سەلماندووە کە پارێزەری ئەو خۆشەویستیەن کەلەنێو کوردستاندا بۆتە کولتوورو نەرتێکی بەرز بۆ ئەمەش قەتاو قەت و بەدرێژایی میژوو سەریان بۆ دوژمنان نەوی نەکردوە بۆیە هەمیشە ئێزیدیەکان سەربەرزو گیانفیدان بۆ ووڵات، زێتر گووتی بەخۆشەویستی یەکتر قبوڵ کردن هەموو لایەک پارێزەری کوردستانی شیرینمان دەبین کە لانەو هێلانەی پێکەوەیی سەرجەم پێکهاتەکانە.

لێژنا پاراستنا مافێن زاروکان کومبونا خو یا ئاسایی ئەنجامدا

خەبات ـ دهوک: جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ سەرپەرشتیا کومبونا لێژنا پاراستنا مافێن زاروکان کر. ل بەراهییێ جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ داخاز ژئەندامێن لێژنێ و دەیک و بابان کر کو گرنگییێ بدەنە مافێن زاروکان وچارەسەریا ئاریشێن وان بهێتە کرن و رەوشا وان بهێتە باشکرن نەخاسمە ژلایێ پەروەردەیی وڕەوشەنبیری و پێگەهاندنا وان دناڤ جڤاکی دا هەروسا زاروک ژدیاردا خازخزوکییێ ل سەر جادا و ژکارێن ب زەحمەت بهێنە دورخستن ومافێن وان بهێتە پاراستن دا ل پاشەروژێ ببنە کەسانێن ئاڤاکەر دناڤ جڤاکی دا. پاش گەنگەشەیێن بەرفرەه ل سەر بەرنامێن کومبونێ و چاوانیا کارکرنا ئەرکێن ئەندامێن لێژنێ ژبو وێ یەکێ باشتر خزمەتا زاروکان ل پارێزگەهێ بهێتە کرن ب گشتی هاتە کرن.

بەرپرسی لقی 16: بەشداریکردن لەپرۆسەی بایۆمەتری دەستەبەری مافی دەنگدانە

بەمەبەستی زیاتر ئاگاداربوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی بایۆمەتری و بەشداری هاونیشتمانیانی ناوچە دابڕێندراوەکان لەو پرۆسەیەدا کە ڕەنگە لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا ببێتە بنەمایەک بۆ بەشداری کردنی هاوڵاتیان لەهەڵبژاردنەکاندا ،بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی کرد کە تیایدا بەرپرسی بنکەکانی ئاسایشی دەوروبەر و موختارەکان و بەرپرسی بەشی هەڵبژاردنی لێژنە ناوچە و ڕێکخراوەکان و نوێنەری دەزگای گشتی هەڵبژاردن و نوێنەری لقەکانی 3 و14 و 23 ئامادەبوون .

لەدەسپێکی کۆبونەوەکەدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر باسی لەگرنگی بەشداریکردنی هاونیشتمانیان کرد لەپرۆسەی بایۆمەتری لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی بەشداریکردنیان لەپرۆسەکانی هەڵبژاردندا بەتایبەتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کە بڕیارە لەمانگی نیسانی سالی داهاتوو بەڕێوەبچێت و بەشداری نەکردن لەو پرۆسەیەدا دەبێتە هۆی بێبەش بوونی هاونیشتمانیان لەدەنگدان و هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان کە بەمەش زیانی گەورە بەر میللەتەکەمان دەکەوێت ،بێبە پێویستە بەهەستکردن بە بەرپرسیارێتی نیشتمانی و نەتەوەیی و لەپێناو زامنکردنی ئەو مافە ڕەوایەی هاوڵاتیان هانی هاونیشتمانیان بدرێت بۆ ئەوەی ئەوانەی تاکو ئێستا بەشداری پرۆسەکەیان نەکردووە رووبکەنە بنکەکانی تۆماری بایۆمەتری و خۆیان تۆمار بکەن. لەبەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا لەلایەن ئامادەبووانەوە چەندین سەرنج و تێبینی و پێشنیار خرانەڕوو بەئامانجی زیاتر دەوڵەمەند کردنی کۆبوونەوەکەو فراوانتر کردنی ڕاسپاردەکان لەپێناو سەرخستنی ئیرادەی گەلەکەمان بەتایبەتی لەناوچە دابڕێندراوەکان .



بەڕێوەبەری چاککردنەوەی ڕێگاکانی هەولێر ڕایگەیاند، دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو حکومەتی هەرێم بڕیاری دا پێویستە پێش هاتنی وەرزی زستان کێشەی تێکچوونی ڕێگاکان چارەسەر بکرێت، لە سنووری هەولێر بە بڕی 10 ملیار دینار 23 پڕۆژەی چاککردنەوەی ڕێگاکان کەوتنە واری جێبەجێکردنەوە.

دڵشاد عیمادەدین گوتی: دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا، کە پێویستە پێش هاتنی وەرزی زستان کێشەی خراپیی ڕێگاکانی هەرێم چارەسەر بکرێت، لە سنووری پارێزگای هەولێر 23 پڕۆژە بە بڕی10 ملیار دینارمان پێشکەش کرد و ئێستا ڕەزامەندیی لەسەر دراوە و دەستمان بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان کردووە، کە لە مەخموورەوە تا دەگاتە حاجی ئۆمەران سەرجەم ڕێگا سەرەکییەکان چاک دەکرێنەوە. بەڕێوەبەری چاککردنەوەی ڕێگاکانی هەولێر گوتیشی: بڕیارە پێش هاتنی وەرزی زستان سەرجەم ڕێگاکان چاک بکرێنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش ئەو 23 پڕۆژەیە لە ڕێگای حکومەت و کەرتی تایبەتەوە جێبەجێ دەکرێن بۆ ئەوەی بتوانین بە زووبی تەواویان بکەین.

زانکۆلاین بۆ دەرچوانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی کارا کرا

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییەکەدا بەڕێوەبەری گشتی خوێندن و پلاندانان بەوەکالەت: بەناوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پیرۆزبایی لە دەرچوانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی کرد و ئومێدی خواست لە چوار ساڵی خوێندنی زانکۆ سەرکەوتووبن، وتیشی: ئەمڕۆ وەکو ستافی وەرگرتن لە زانکۆ حکومی و تایبەتەکان پلانی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکان ڕادەگەیەنین. وێبسایتی (www.regayzanko.com) بۆ دەرچوانی خولی یەکەم و دووەمی دوانزەی ئامادەیی لە ڕۆژی سێشەمەوە 10/9/2019 کاتژمێر (5) ئێوارەوە تا کاتژمێر 12ی شەوی 20/9/2019واتە بۆ ماوەی 10 ڕۆژ کارا دەکرێت. بەوەش دەرچوانی پۆلی (12)ی ئامادەیی دەتوانن فۆرمی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکان پڕبکەنەوەو پێشکەشی بکەن، بۆ خوێندنی تایبەتیش وتی: زانکۆ تایبەتەکان لەئەمڕۆوە دەتوانن فۆرم بەسەر خوازیاران لەخوێندنی تایبەت دابەش بکەن. هەروەک جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە کە دەرچوان بەناوی بەکارهێنەرو وشەی تێپەڕ (یوزەیەر نەیم و پاسۆرد) کە پێشتر لە خوێندنگەکانیان وەریانگرتۆتەوە دەتوانن فۆرمی وەرگرتن پڕبکەنەوە.

سەبارەت بەژمارەی دەرچووانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی گوتی: وەزارەتی پەروەردە ناوی51933 بۆ ئێمە ڕەوانە کردووە کە 36350 دەرچوی زانستی و 15583 دەرچوی وێژەیین، بەو شێوەیەش ژمارەی کورسیەکانی خوێندن زیاترە لە ژمارەی دەرچووان. هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا د.خەتاب ئەحمەد وتی: بۆ بەرچاوڕوونی زیاتری دەرچوانی پۆلی دوانزە و ئاشنابونیان بەسیستەمەکانی وەرگرتن (زانکۆلاین، پارالێل، ئێواران و خوێندنی تایبەت) دەتوانن سەردانی سەنتەری ڕاوێژکاری زانکۆکان بکەن بۆ ڕونکردنەوەی پێویست لەسەر چۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆرمی وەرگرتن بەسیستەم جیاوازەکان، وتیشی: ئەوەش دەرفەتێکی گرنگە بۆ ئەوەی دەرچوان بەر لەوەی فۆرمی وەرگرتن پێشکەش بکەن و ئاگاداری وردەکارییەکانی سیستەمەکە بن و هەوڵ بدەن بە ئامادەبونی خۆیان فۆرمەکانی بۆ پڕبکرێتەوە. سەبارەت بە کەمکردنەوە و کرێی خوێندن بەڕێوەبەری گشتی خوێندن و پلاندانان بەوەکالەت وتی: وەزارەتی خوێندنی بالا هەوڵەکانی بۆ ئەو مەبەستە چڕکردۆتەوەو پلانی کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی هەیە، ئەمەش پالپشت بە خاڵی 13لەکارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانمان دەست پێکردووە.

زانیاری لەبارەی کاتی کردنەوەی تونێلی پیرمام دەخرێتە ڕوو



جەنگاوەر ئاژگەیی، بەڕێوەبەری شارەدێی سەلاحەدین ڕایگەیاند: ئێستا 90ی کارەکانی تونێلی پیرمام تەواو بووە، قیرتاوکردنی ناو تونێلەکە تا دەربەندی کۆڕێ تەواو بووە، تەنیا چەند کارێک ماوە ئەویش پەیوەندیدارە بە هەوا و ڕووناکی ناو تونێلەکە، کەلوپەلە پێویستەکانیشی پێش جەژنی قوربان بۆ هێنراوە، بەڵام بەستنی ئەوانە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، لەبەر ئەوەی هەر لایەک لە تونێلەکە دوو کیلیۆمتر و نیوە واتە هەردوولا پێنج کیلۆمەترە. ئەوەشی خستە ڕوو کە پێش جەژنی قوربان سەردانی تونێلەکەی کردووە، گوتی: لەگەڵ ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکەدا قسەم کرد، تەنیا کاری ناو تونێلەکە سێ مانگ دەخایەنێت تا تەواو دەبێت، جیا لەوەش کارەبای ناو تونێلەکە دەبەسترێت، هەروەها هاتوچۆ بۆ کۆڕێ و پیرمام دەبەسترێتەوە، هەندێک سوورانەوەشی تێدایە کە ئەویش کاتی دەوێت. بەڕێوەبەری شارەدێی سەلاحەدین پێشبینی دەکات کە بۆ سەرەتایی ساڵی2020 کارەکانی تونێلی پیرمام تەواو دەبێت و بەڕووی هاووڵاتیان بکرێتەوە، ئاشکراشی کرد: هیچ وادەیەک لەلایەن سەرپەرشتیارانییەوە بۆ تەواوبوونی پڕۆژەکە دیاری نەکراوە، بەڵام من پێشبینی ئەوە دەکەم کە بۆ سەری ساڵی نوێ کارەکانی تەواو ببێت . جەنگاوەر ئاژگەیی ڕوونیشی کردەوە کە بڕیار بوو لە ساڵی 2015دا پڕۆژەی تونێلی پیرمام کارەکانی تەواو ببێت، بەڵام بەهۆی شەڕی داعش و دروستبوونی قەیرانی دارایییەوە، کارەکانی تەواو نەبوون.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و مەپرەبان

بەڕێز ڕۆژگار شێخانی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (فەخرییە مەجید عوسمان)ی دایکی بەڕێزتامان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمان بە بەڕێزتان و خانەوادەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزمان و دۆستانتان دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبووی دایکتان بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

لەخولێکی کەمپی کاوەی شارۆچکەی قوشتەپەدا

زیاتر لە 500 قوتابی فێری زمانەوانی و یاری شەترەنج دەکرێن

بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر: لەبەر گرنگیی و سەرکەوتنی خولەکە هەوڵ دەدەین بەردەوامیی بەم خولانە بدەین



قوشتەپە: هاوار مورتکەیی

دیارە بەهۆی شەڕی داسەپێنراوی داعش لەچەند ساڵی رابردوو، ژمارەیەکی زۆری کوردانی ڕۆژئاوا ئاوارەی هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێری پایتەخت بەتایبەتی بوونەوە، ئەمانەش لەکەمپەکان نیشتەجێکران و شوێن و پێداویستییان بۆ دەستەبەرکرا، لەنێو ئەو کەمپانەش چەندین قوتابخانە دروستکران بۆ ئەوەی منداڵان لەخوێندن دانەبڕێن، ئێستاش وەزارەتی پەروەردە هەوڵی ئەوەی دا کە پشووی هاوینەی ئەو قوتابیانە بەهەدەر نەڕوات و بتوانن سوود لەم پشووە وەرگرن، ئەویش بەکردنەوەی چەندین خولی جۆراوجۆر.



بەسەرکردنەوەی خولەکە

بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگادار بوون لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی ئەو خولە و کەمو کوڕییەکان، مامۆستا کاوە عومەر بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرام لەوەزارەتی پەروەردە و سابیر حەمەد کانەبی بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر و بەرسانی ڕێکخراوەکانی خێرخوازی بارزانیی و یونسێف، سەردانی کەمپی کاوەیان لە شارۆچکەی قوشتەپە کرد، دوای بەسەرکردنەوە و بەڕێوەچوونی خولەکە، ڕۆژنامەی خەبات لەناو کەمپەکە ئەم ڕاپۆرتەی ئامادەکرد.

قوتابیان دڵخۆشن

قوتابخانەیەکی گەورە لەناو کەمپەکە بەناوی قوتابخانەی قامیشلو کراوەتەوە، کە تیایدا ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابیانی کوڕ و کچ تیایدا دەخوێنن و فێری زانست و پەروەردە دەکرێن، کە دەچیتە ناو پۆلەکانی ئەو قوتابخانەیە هەر هەموو پۆلەکان پڕن لە قوتابی و وانەکانی خولەکەیان لێ دەگوترێتەوە، قوتابییەکان بەزەردەخەنی سەر لێوانیانەوە هەست دەکەی کە زۆر پەرۆشی ئەم جۆرە خولانەن، چونکە کاتەکانی پشووی هاوینەیان بەفیڕۆ نارۆات و لەهەمان کاتیش لەو ماوەدا فێری ئەو شتانە دەبن کە خۆیان ئارەزوویان لەسەرە.

هەماهەنگی نێوان یونسێف و وەزارەتی پەروەردە

مامۆستا سابیر حەمەد کانەبی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی دەشتی هەولێر سەبارەت بەچۆنێتی بەڕێوەچوون و جۆری خولەکە ئاماژەی بە ژمارەی بەشداربووان کرد و گوتی: بەمەبەستی زیاتر سوود وەرگرتن لە پشووی هاوینەی قوتابیان، بەتایبەتیش قوتابیە ئاوارەکانی نیشتەجێی کەمپەکان، کە بۆ ئەوان سەختە بەبێ هیچ چالاکییەک لەنێو کەمپەکان کات بەسەر بەرن، بۆیە وەزارەتی پەروەردە بە پێویستی زانی خولێکی فێربوونی زمانەوانی و کۆشە مامەلە لەگەڵ دەوروبەریان بکەن، بەتایبەتیش لە کاتی خوێندن سوودی لێوەردەگرن، بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەک مامۆستا ڕۆژانە وانەی فێربوونی زمانەوانییان پی دەڵێنەوە و بۆ بەڕێوەچوونی خولەکەش تەواوی پێداویستیان بۆ دابین کراوە.

خولێکی شەترەنج

تێکەڵکردنی خولێکی وەرزشی لەپاڵ ئەو خولە بۆ کۆششی بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکان دەگەڕێتەوە کە هانی قوتابیانی دا سوود لە تایبەتمەندی یاریی شەترەنج وەرگرن، سەبارەت بەمەش مامۆستا سابیر حەمەد بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر لەبارەی بەشەکەی دی خولەکە گوتی: دیارە قوتابیانی ئەو کەمپە ماوەیەکی زۆرە داوایان لێکردووین کە خولی فێربوونی وەرزشی شەترەنجیان بۆ بکەینەوە، ئەمە لەسەر خواستی ئەوان بوو وە حەزیان لێبوو فێری یاری شەترەنج بن، ئێمەش ئەو خواستەمان بۆ هێنانەدی و بەهەماهەنگی لەگەڵ یانەی شەترەنجی خانزاد کە بەخۆشحاڵییەوە بەدەنگ داواکەمانەوە هاتن و ویرای دابینکردنی پێداویستی تایبەت بەو یاریە، شەش ڕاهێنەری بەتوانای شەترەنجیشیان بۆ دابین کردین و ئەوانیش لە ماوەی ئەو مانگەی خولەکەدا وانەکانی فێربوونی شەترەنج بە 150 قوتابی دەڵێنەوە، بۆیە لێرەوە جێی خۆیەتی سوپاسی یانەی شەترەنجی خانزاد بکەین کە یانەیەکی تایبەتمەندە بەشەترەنج، بەدەنگمانەوە هاتن و خولەکەیان دەوڵەمەندتر کرد، ئەمە جگە لەوەی شەترەنج یاریەکی بیرکردنەوەیە و مێشکی مرۆڤ چالاک دەکات.

سابیر حەمەد: بەهەماهەنگی یونسێف هەوڵماندراوە سوود لە پشووی هاوینە وەرگرین بۆ کردنەوەی خولی جۆراوجۆر

بەردەوامی بوون لە کردنەوەی خول

لەکۆتاییدا بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر ئاماژەی بە سەرکەوتنی خولەکە کرد و گوتی: ئەوەی زیاتر دڵخۆشمان دەکات ئەوەی کە خولەکە بەگشتی بەسەرکەوتوویی بەڕێوەدەچێت، ئەمەش بۆ هەوڵ و ماندووبوونی هەموان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتیش لەبەدەنگەوهاتنی قوتابیانی کەمپی کاوە لە قوشتەپە، و بەتەواوبوونی ئەم خولەش سوودی باشی لێوەدەبینن، بۆیە لەم سۆنگەیەوە ئێمە هەوڵ دەدەین بەردەوام خولی لەم شێوەیان بۆ بکەینەوە و بتوانین سوود لە پشووەکانی هاوینەی قوتابیان وەرگرین.

بۆ بەرچاوی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ و سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر:

شۆستەکان مولکی گشتین، نەوەکو مولکی تاکە کەس

خەبات: کارزان دزەیی

داگیرکردنی شۆستە لەلایەن هاووڵاتیان و خاوەن مارکێت و کۆگاو کۆمپانیاو شوفێرانەوە، ناشیرینترین دیاردەی ناشارستانی ناوشارە و هاووڵاتیانی هەراسان کردووە، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر و سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بەرپرسن لەم دیاردەیە، خەبات بەو ئومێدەی بەپرسانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی لەو دیاردەیە ئاگادار بکاتەوەو چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، ئەم وێنانە دەخاتەڕوو.













شۆڕشی 11 ی ئەیلوول بەڕێبەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی بنەمای ماف و دەستکەوتەکانی ئەمڕۆ و داهاتوومانە



شۆڕشی ئەیلوول لە کتێبی (وشەی سوور)دا

سەدیق سەعید ڕواندزی

لە مێژووی خەبات و بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا، هیچ شۆڕشێک هێندەی شۆڕشی ئەیلوول، هەڵگری شوناسی نەتەوەیی و میللی و جەماوەری نەبووە. بەو مانایەی شۆڕشێکە هەموو چین و تۆێژەکان، بە جیاوازیی بیروڕای هزری و شوناسی کۆمەڵایەتی و پیشەیی تێیدا بەشداربوون. شۆڕشی ئەیلوول، وەک چۆن شۆڕشێکی جەماوەری بوو، بە هەمان شێوە شۆڕشێکی جوگرافیش بوو، چونکە یەکەم و دوا شۆڕشە کە لە ئاستێکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی و جوگرافیدا، یەک نێوەندێتی لە بڕیارو ڕاسپاردە و یەک سەرکردایەتیکردنی هەبێت.

بێگومان ئەمە یەکێک بوو لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە و بە ئاکام گەیاندنی.

لێرەوەش ئەگەر بڕوانینە مێژووی پارتی و تێکۆشانی پارتی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا، بە تەنها بەرچەمکی نەتەوە و نیشتمان و سەرکردەی نەتەوەیی دەکەوین و هەرگیز شوناسێکی حزبییانە و پارتییانە لەو شۆڕشەدا قوڵ ناکرێتەوە. بەهەزاران لەوانەی لە ڕیزی ئەو شۆڕشەدا خەباتیان کردووە، کەسانی پارتی نەبوون، بەڵام بڕوایان بە شۆڕش و سەرکردایەتی شۆڕش بە ڕێبەرایەتی بارزانیی نەمر هەبوو. لەو ڕوانگەیەشەوە شۆڕشی ئەیلوول بە شۆڕشێکی نیشتمانی ناوەزەد دەکرێت. ئەگەرچی لە سەرەتاکانیدا ئەو شۆڕشە درزێکی تێدەکەوێت، بەڵام بەردەوام دەبێت لە خەبات و تێکۆشانی خۆیدا تا دواجار ئاکامەکانی لە ڕێککەوتننامەی ئادار دێنە دی کە یەکێکە لەو قۆناغانەی لە ڕووی میژوویی و بووژانەوەی کوردستانەوە، بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت کە دەیان دەسکەوتی سیاسی و خزمەتگوزاری لێ کەوتەوە. ئەو ڕێککەوتننامە، بێگومان بەرهەمی ئەو شۆڕشە بوو، هەرچەندە دواتر ڕژێمی بەعس و حکوومەتی عێراق لەو پەیماننامە پاشگەزبووەوە، بەڵام ئەو قۆناغە و میژووی ئەو شۆڕشەش، میژوویێکە لە لاپەڕەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد بە نەمری دەمێننەوە. گەڵێک جار لە ڕوانگەیەکی تەسکی حزبایەتی، یاخود پەرچەکردارێکی ئایدۆلۆژی، هەوڵدەدرێت شۆڕشی ئەیلوول لەو ڕەهەندە نەتەوەیی و نیشتمانییەی خۆی دەربهێنرێت و بە جوڵانەوەیەکی بێ ستراتیژو ئاسایی یاخود خرۆشانێکی جەماوەری و خێڵەکی بناسرێت، بەدیوێکی دیکەشدا، شۆڕشەکە وەک بەرهەمی حزبێکی سیاسی نەک نەتەوەیی بناسێنن، هەموو ئەمانەش دەرەنجامی خوێندنەوەیەکی سیاسییانەی ورد و هەڵسەنگاندنێکی واقیعیانە نییە کە تیایدا بنەماکانی ئەو شۆڕشە و زەمینەی هەڵگیرساندن و ئاکامەکانی بخوێننەوە، بەڵکو تەنها ڕوانینێکی تەسکی ئایدۆلۆژیانەیە کە دەرەنجامی بیرکردنەوە و مەلمانێیەکی تەسکی حزبییانەیە. ئەگەرنا هەموومان ئاگادری ئەوەین کە زۆربەی سەرکردە و سیاسییەکانی دوێنێی حزبەکانی ئێستا، لە ڕێزی ئەو شۆڕشەدا بوونە. بە بڕوای من باشترین بەڵگە و وەڵامدانەوە بۆ ئەو بۆچوونە بارگاریکراوانە بە بیری تەسکی ئایدۆلۆژی و حزبایەتی، هەڵسەنگاندن و خستنەڕووی ئەو ئەرگۆمێنتانەیە کە سیاسیگەلێکی دەرەوەی پارتی و سەرکردایەتی ئەو شۆڕشە، لە بارەی ئەیلوول و ڕێبەری شۆڕشەکەش دەیخەنەڕوو لە دووتوێی بۆچوون و بیرەوەرییەکانیاندا. لێرەوەش کاتێ بەشێک لە وتارەکانی کتێبی (وشەی سوور) دەخوێنینەوە، دیوێکی دیکەی نەتەوەیی بوونی ئەو شۆڕشەمان بۆدەردەکەوێت. ئەم کتێبە کۆکراوەی ئەو وتارو دیمانانەیە کە هاوڕێ (کەریم ئەحمەد) سکرتێری پێشووتری حزبی شیوعی، پەیوەست بە هەلومەرجی میژوویی و قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی گەلی کورد نووسیویەتی. لە ژێر ڕۆشنایی بەشێک لەو وتارانەدا، لە ماهیەتی ڕاستەقینەی شۆڕشی ئەیلوول و ڕوانگەی بارزانیی نەمر بۆ عەقڵییەتی سیاسیی حوکمرانیەتی لەعێراقدا دەگەین.

هاوڕێ کەریم لەلاپەڕە 100ی کتێبەکەیدا نووسیویەتی: (پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی لە ساڵی 1961 گەلەکەمانی لە شۆڕشە نیشتمانییەکەیدا کۆکردەوە و تەواوی چین و تۆێژە کۆمەڵایەتییەکانی لە ڕێزەکانیدا کۆکردەوە). ئەمە دیدی سەرکردەیەکی چەپ، شیوعی و پێشکەوتنخوازە کە نە پارتی بووە نە ڕۆژئاکیش لە سەردەمی ئەو شۆڕشەدا کە نەک هەر متمانەی پێیان نەبوو، بەڵکو هەمیشە بە گومانیش بووە لەوەی حکوومەتی عێراق ئەو بەڵێنانە بباتە سەر کە بە نەتەوەی کوردی داون. لەو ڕوانگەیەوە نووسەر لە لاپەڕە 75ی کتێبەکەیدا دەنووسێت: (سەرکردایەتی پارتی لە دوای کودەتای 1963 گفتوگۆی ئەنجامدا و لە پێناو ڕاستیدا دەڵێم کە بارزانی لەگەڵ ئەم گفتوگۆیە نەبوو). هەروەها لەلاپەڕە 89دا جارێکی تر نووسەر دەنووسێت: (بارزانی باوەڕی بە حزبی بەعس نەبوو ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکات، بۆیە بە ڕلە مۆرکردنی داوای لە حکوومەتی عێراق کرد کە حزبی شیوعیش لە وتووێژەکان بەشداربێت، بەڵام حکوومەتی عێراق ڕازی نەبوو). بێگومان لێردا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەر لە ڕێککەوتننامەی ئادار، بارزانی وەک سەرکردەی شۆڕشەکە ماهیەتی حزبی بەعسی خوێندۆتەوە و دڵنیا بووە لەوەی کە حکوومەت بەڵێنەکانی جێبەجێ ناکات، بەڵام ئەگەر دژی ڕێککەوتننامەکە با، ئەوکات ڕەنگە سەرکردایەتی شۆڕش و بەشێکی جەماوەریش، بارزانی نەمریان بە هۆکاری بەردەوامی شەڕ و ئاڵۆزییەکان دانابا، لە کاتێکدا دواجار دەرکەوت کە پێشبینی و گومانەکانی بارزانیی نەمر لە بارەی سەدام و بەعس نەک هەر لە جێی خۆی و دروست بوون، بەڵکو بە پراکتیکیش بوونە یەقین و تەنها چوار ساڵ حکوومەتی عێراق ئاشتی چەسپاند و دواترخۆی ڕێکخستەوە و سەرلەنوێ پەلاماری کوردستانی دایەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی هێشتا سەرەتاکانی ئاشتەوایی بوو، کاتێ حکوومەت پێلانی تیرۆرکردنی بارزانیی نەمر و ئیدریس بارزانی داڕشت و لە هەوڵەکەی سەرکەوتوو نەبوو، هەروەک لە کتێبی وشەی سووریشدا لە لاپەڕە 76دا نووسەر نووسیویەتی: (ماوەیەکی درێژ بەسەر ئەو ڕێککەوتننامە تێنەپەڕی بوو کە بەعس پیلانی نەگریسی بۆ تیرۆرکردنی بارزانی داڕشت). واتا هەر لە سەرەتاوە بەعس نیازپاکییەکی ئەوتۆی نەبووە کە پەیماننامەکە جێبەجێ بکات و دان بە مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی ئەوکات بنێت، چونکە بەعس مەبەستی بوو بە لە نێوبردنی بارزانیی نەمر کۆتایی بە هەموو شتێک بێنێت. ئەم ڕاستییە دەڵالەتە لەوەی کە سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول هەرچەندە گومانیشی هەبوو، بەڵام نیازپاکانە و بە ڕەچاوکردنی مۆرالی سیاسی و شۆڕشگێڕی، ڕازی بووە بەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە واژۆ بکات کە وەک وتمان چوار ساڵی پڕ لە دەسکەوتی بۆ خەڵکی کوردستان لێکەوتەوە. لە بارەی هەڵوێستی حزبی شیوعیش لە پاڵپشتیکردنی شۆڕشی کورد و ڕەوایەتی مافەکانی، هاوڕێ کەریم ئەحمەد لە لاپەڕە 293ی کتێبەکەیدا دەنووسێت: (هەر لە ساڵی 1943وە لە شۆڕشی بارزانەوە حزبی شیوعی بەیاننامەی دەرکرد سەبارەت بە ڕەوایەتی شۆڕشی بارزان و داوا ڕەواکانی کورد). ئەم بۆچوونە سیاسییە، بە بڕوای من ئەرگۆمێنتێکی مێژوویی گرنگە لە بارەی شۆڕشی ئەیلوول و بەشێک لە ڕووداوە مێژوویی و سیاسییەکانی. چونکە ئەم ڕوانین و هەڵوێستانە، دیدگای سیاسی سەرکردەیەکن کە پەیوەندییەکی ئەوتۆی لەڕووی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە بە پارتییەوە نەبووە، بەڵکو وەک کەسێک کە لە نێوجەرگەی ڕووداوەکاندا بووە، هەڵسەنگاندن و خوێنەوەی بۆڕووداوەکان کردووە و بە بێلایەنییەوە تۆماری کردوون. ئەمەش ڕاستییەکی مێژوویی دیکەیە لەبارەی ئامانج و پەیامی سیاسی ئەو شۆڕشە درێژەی کوردەوە، کە شۆڕشێکی جەماوەری و نەتەوەیی و جوگرافی بوو کە لەپێناو مافە ڕەواکانی گەلی کورد هەڵگیرسا و دەسکەوتی یازدەی ئاداری لێکەوتەوە..

*** کتێبی (وشەی سوور) نووسینی (کەریم ئەحمەد) ساڵی چاپ 2019.**



میللەت مەهدی گۆران

شۆڕشی 11ی ئەیلوول لەپێناوی ئازادی هەموو گەلی کوردستان بوو

شۆڕشی ئەیلوول بە سەرۆکایەتی و ڕێبەرایەتی جەنەرال مستەفا بارزانی و بەسەرکردایەتی پارتەکەمان پارتی دیموکراتی کوردستان توانی بۆ یەکەم جار سنووری ناوچەگەری بشکێنێت و ببێتە شۆڕشی ئازادی هەموو گەلی کوردستان. شۆڕشی ئەیلوولی نیشتمانی مەزن، ناسنامەی کوردی لە نەمان پاراست و بوو بەچەترێکی فراوان بۆ هەموو ئازادیخوازان لە تەواوی کوردستان و بگرە عێراقیش، شۆڕشی ئەیلوول ڕێتمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقی ناچارکرد بێتەسەرمێزی گفتوگۆ باس لە ماف و داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان بکەن، کە سەرەنجام ڕژێمی ئەوسای عێراقی ناچارکرد دان بەمافەڕەواکانی کوردستاندا بنێت، لە چوارچێوەی ڕێکەوتنامەی 11ی ئادار کە تیایدا ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ڕاگەیەنرا و بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی فەرمی دان بە مافەکانی کورد نراو بوو بە دیکۆمێنتێکی مێژووی بۆ مافە سیاسی و ئیداریەکانی گەلی کورد و کوردستان. لەم یادە پیرۆزەدا هەزار سلاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان، سەروەری هەموو شەهیدان بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە لەیاد.

شۆڕشی 11ی ئەیلوول مێژوو و شوناسی خەباتی خەڵکی کوردستانە



شۆڕشی مەزنی ئەیلوول قوتابخانەی بیروهزری نەتەوەییە



رێبوارحەمەلاوشوانی

58 ساڵ پێش ئێستا لەو کاتەی تاریکی و نائومێدی باڵی ڕەشی کێشابوو بەسەر خاک و خەڵکی کوردستان و دوژمنان لەهەموو لایەکەوە خەریکی سڕینەوە و لەناوبردنی گەلەکەماندا بوون، ئا لەم کاتەدا پارتی دیموکراتی کوردستان بەرێبەرایەتی بارزانی باوک و سەرکردە توانی شۆڕشێکی جەماوەری لەدژی ستەم و زۆرداریی داگیرکەران بەرپا بکات کە بڵێسەی ئەم شۆڕشە بووبە هەوێنی بنیاتنانی دەسکەوتەکانی ئەمڕۆ.

ئەو شۆڕشە سەرتاسەرییەی بەرابەرایەتیی باوکی کورد مستەفا بارزانیی نەمر و پێشڕەوایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەپشتوپەنای خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان هەڵگیرسا.

پێش شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هەرچی شۆڕشی دیکە هەبووە، هەمووی ناوچەیی بووە و لەسنووری ناوچەکەی خۆی تێپەڕی نەکردووە، بەڵام شۆڕشی ئەیلوول شۆڕشێکی زۆر جیاواز بوو لە شۆڕشەکانی دیکە. لە شۆڕشی ئەیلول کوردستانیان بێ جیاوازی ئاین و نەتەوە بەدەنگی بەرز وتیان نا بۆ چەوسانەوە و ستەمکاری بەڵێ بۆ بڕگاری هەمیشەیی و سەربەخۆیی کوردستان. پارتی گەیشتە بەشەکانی تری کوردستان و ڕووناکی بەخشی بەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییمان. شۆڕشی ئەیلوول بووبە فێرگە و قوتابخانەیەکی مەزن کە سەدان تێکۆشەر و قارەمانی گەلەکەمان لەم ڕێگایە گیانیان بەخشی بۆ ئازادی کوردستان.


شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بەرێبەرایەتیی بارزانیی نەمر چۆکی بە گەورەترین و درندەترین ڕژێمی ئەوکاتدادا.

ئەم شۆڕشە توانی ڕژێم لەئاست داواکارییە ڕەواکانی گەلەکەمان بخاتە ژێر فشارێکی گەورەی جەماوەری و سەربازی لەم ڕێگایەوە گەورەترین دەسکەوت بۆ گەلەکەمان هاتەکایەوە کە خۆی لەڕێکەوتننامەی 11ی ئادار دەبینییەوە کە بۆ یەکەمجارببو لەمێژوودا ڕژێمە داگیرگەرەکانی کوردستان بەم ئاستە دان بنێن بەبوون و ناسنامەی نەتەوەی کورد. لەکاتێکدا یادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکەینەوە کە کوردستان بەقۆناغێکی هەستیار گوزەر دەکات کە هەموو لایەک دەخوازێ کورد و کوردستان یان یەکدەنگ و یەکڕیزتر بن بۆ پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان و بەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتر بۆ گەلەکەمان. سەرهەڵدانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول قوتابخانەی سەرهەڵدانی هۆشیاریی نەتەوەیی و ڕێکردنەوەی داگیرکاری بەرەو سەربەخۆیی. ئەمڕۆ 58 ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە، شۆڕشێک کە یەکەم موژدەی کۆتایی هاتنی دەسەلاتی پڕ لەزوڵم و ستەمی داگیرکەران بوو، بۆیەکەم جاریش بوو لەمێژووی گەلی کوردا هێز و وڕە و متمانەبەخۆبوونی بەگەلی کورد بەخشی و بووبە وەرچەرخانێکی گرینگ لەمێژووی گەلەکەمان و دەستپێکی ڕەتکردنەوەی خۆی کۆکردەوە و کۆمەڵگەی پەرتەوازەی کوردستانی کردە کۆمەڵگەیەکی بەرگریکار و متمانە پۆڵایین کە چیدی زوڵمی قبوڵ نەدەکرد و داکۆکی لەمافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆی دەکرد .

"شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، شۆڕشێکی سەرتاسەریی خەڵکی کوردستان بوو نەک شۆڕشێکی ناوچەیی. پێش شۆڕشی ئەیلوول هەرچی شۆڕشی دیکە هەبوون، هەمووی ناوچەیی بوون و لەسنووری ناوچەکەی خۆی تێپەڕینەکردووە، بەڵام شۆڕشی ئەیلوول وەک شۆڕشێکی زۆرجیاوازتر بەرپا بوو کە توانی بۆیەکەمجار یەکبوونی نەتەوەیی کورد ڕابەگەیەنێ و کۆتایی بەهەستی ناوچەگەریتی و بێهێزی و پەرتەوازەیی هێنا، شۆڕشی ئەیلوول لەلایەن حزبێکی سیاسیی نەتەوەیی دیموکراتی شۆڕشگێڕەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستانە و هەروەها لەلایەن کەسایەتی و سەرکردەیەکی وەکو بارزانیی نەمرەوە سەرکردایەتی کراوە کە توانی هێزی خۆی لەسەرکردایەتیکردنی شۆڕشێکی لەو شێوەیەدا دژبەدوژمنانی کورد نیشان بدات. ئەو شۆڕشە لەڕووی سیاسییەوە لەو سەردەمەدا کە حکوومەتی عێراق سیاسەتێکی شۆڤێنی تەواوی پەیڕەو دەکرد و هەوڵیدەدا کە لەعێراقدا بەشداری کورد و عەرەب نەمێنێت و لەوکاتەیشدا شۆڕشەکە بەسەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی هەبوو و هەڵوێستەکەشی گەیشتە لوتکە کە خەباتی چەکداری بوو. شۆڕشی ئەیلوول هەر ئەوە نییە کە پانتاییەکی گەورەی جوگرافیی باشووری کوردستانی گرتبووەوە، لەڕووی دێمۆگرافیاشەوە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی گرتبووەوە، هەر لەڕۆشنبیرانەوە بیگرە تاوەکو جووتیاران کە بەشێکی گرنگی شۆڕش بوون. لەهەمانکاتدا شۆڕشێک بوو کە هەموو ئایین و ئایینزاکان بەشداربوون تێیدا لە کریستیان و ئێزیدی و موسڵمان و پێکهاتە نەتەوەییەکانی تەواوی کوردستان لە ئاشووری و کلدان و تورکمان و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان. دەتوانین بڵێین کە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول یەکێک بووە لەو شۆڕشە گرنگ و ڕوداوە بایەخدارانەی کە دۆزی ڕەوای کوردی بەوڵاتانی دەرەوە ناساند. لەڕووی هەڕێمییەوە ئەو سیاسەتەی کە وڵاتانی ناوچەکە جێبەجێیان دەکرد، شۆڕشی ئەیلوول دەنگدانەوەیەکی هەبوو بۆ ئەو وڵاتانە و بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لەم دەوڵەتانەدا و سەرلەنوێ بووژایەوە. شۆڕشی ئەیلوول توانی پانتاییەکی زۆر لەخاکی کوردستان ئازاد بکات و لەو ناوچە ئازادکراوانەدا دەسەلاتێکی کوردیی شۆڕشگێڕ دابمەزرێنێت کە ڕەوایەتیی خۆی لەدەستەلاتی شۆڕشگێڕییەوە وەرگرتووە. شۆڕشی ئەیلوول لەڕووی دیپلۆماسییەوە زۆر سەرکەوتوو بوو کەتوانی زنجیرەیەکی زۆر کۆبوونەوە و دانوستان لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا بکات و ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداریشی لەگەڵ حکوومەتی عێراق واژۆ کرد کە بۆیەکەمین جار یەکێک لەحکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کە حکوومەتی عێراق بوو، لەوسەردەمەدا چۆکی بۆ داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد دادا کە ئەوە دەستکەوتێکی زۆر گەورەبوو. شۆڕشی ئەیلوول بووە پەناگایەک بۆ کوردەکانی هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان و تەنانەت بۆ هێزە ڕزگاریخوازەکانی دیکەی عێراق و وڵاتانی ناوچەکەش کە دەهاتنە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێردەستەلاتی شۆڕش و لەوێ پەنادەدران. لەهەمانکاتدا تۆڕێکی پەیوەندیی گەورەی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی دیکەی جیهاندا دروستکرد. لەو ناوچانەی کە ئازادکرابوون، تەنیا کاروباری خەڵکیان بەڕێوەنەبردووە، بەڵکو لایەنی پەروەردە و تەندروستی گرنگی پێدراوە و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و دادگای کردەوە و کێشە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانی خەڵکی دابین کردووە، ئەمەیش لایەنێکی زۆر گرنگی شۆڕشی ئەیلوول بوو. لەلایەکی دیکەوە شۆڕشی ئەیلوول قوتابخانەیەکی گەورە بووە نەک تەنیا بۆ پێگەیاندنی کادیری نیشتمانی لەبواری خەباتی نیشتمانی و سیاسەت و نەتەوەدا، بەڵکو لەڕووی ئیداری و یاسایی و سەربازییەوە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی پێگەیاندووە کە لەپاش ڕاپەڕینەوە لەکاتی دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەتدا سوودیان لێوەرگیرا. شۆڕشی شکۆداری پەرلەمان و حکوومەتی نەمر و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی هەبوو و هەڵوێستەکەشی گەیشتە لوتکە کە خەباتی چەکداری بوو. شۆڕشی ئەیلوول هەر ئەوە نییە کە پانتاییەکی گەورەی جوگرافیی باشووری کوردستانی گرتبووەوە، لەڕووی دێمۆگرافیاشەوە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی گرتبووەوە، هەر لەڕۆشنبیرانەوە بیگرە تاوەکو جووتیاران کە بەشێکی گرنگی شۆڕش بوون. لەهەمانکاتدا شۆڕشێک بوو کە هەموو ئایین و ئایینزاکان بەشداربوون تێیدا لە کریستیان و ئێزیدی و موسڵمان و پێکهاتە نەتەوەییەکانی تەواوی کوردستان لە ئاشووری و کلدان و تورکمان و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان. دەتوانین بڵێین کە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول یەکێک بووە لەو شۆڕشە گرنگ و ڕووداوە بایەخدارانەی کە دۆزی ڕەوای کوردی بەوڵاتانی دەرەوە ناساند. لەڕووی هەڕێمییەوە ئەو سیاسەتەی کە وڵاتانی ناوچەکە جێبەجێیان دەکرد، شۆڕشی ئەیلوول دەنگدانەوەیەکی هەبوو بۆ ئەو وڵاتانە و بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لەم دەوڵەتانەدا و سەرلەنوێ بووژایەوە. شۆڕشی ئەیلوول توانی پانتاییەکی زۆر لەخاکی کوردستان ئازاد بکات و لەو ناوچە ئازادکراوانەدا دەسەلاتێکی کوردیی شۆڕشگێڕ دابمەزرێنێت کە ڕەوایەتیی خۆی لەدەستەلاتی شۆڕشگێڕییەوە وەرگرتووە. شۆڕشی ئەیلوول لەڕووی دیپلۆماسییەوە زۆر سەرکەوتوو بوو کەتوانی زنجیرەیەکی زۆر کۆبوونەوە و دانوستان لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا بکات و ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداریشی لەگەڵ حکوومەتی عێراق واژۆ کرد کە بۆیەکەمین جار یەکێک لەحکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کە حکوومەتی عێراق بوو، لەوسەردەمەدا چۆکی بۆ داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد دادا کە ئەوە دەستکەوتێکی زۆر گەورەبوو. شۆڕشی ئەیلوول بووە پەناگایەک بۆ کوردەکانی هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان و تەنانەت بۆ هێزە ڕزگاریخوازەکانی دیکەی عێراق و وڵاتانی ناوچەکەش کە دەهاتنە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێردەستەلاتی شۆڕش و لەوێ پەنادەدران. لەهەمانکاتدا تۆڕێکی پەیوەندیی گەورەی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی دیکەی جیهاندا دروستکرد. لەو ناوچانەی کە ئازادکرابوون، تەنیا کاروباری خەڵکیان بەڕێوەنەبردووە، بەڵکو لایەنی پەروەردە و تەندروستی گرنگی پێدراوە و بنکەی تەندروستی و دادگای کردەوە و کێشە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانی خەڵکی دابین کردووە، ئەمەیش لایەنێکی زۆر گرنگی شۆڕشی ئەیلوول بوو. لەلایەکی دیکەوە شۆڕشی ئەیلوول قوتابخانەیەکی گەورە بووە نەک تەنیا بۆ پێگەیاندنی کادیری نیشتمانی لەبواری خەباتی نیشتمانی و سیاسەت و نەتەوەدا، بەڵکو لەڕووی ئیداری و یاسایی و سەربازییەوە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی پێگەیاندووە کە لەپاش ڕاپەڕینەوە لەکاتی دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەتدا سوودیان لێوەرگیرا. شۆڕشی شکۆداری پەرلەمان و حکوومەتی نەمر و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی هەبوو و هەڵوێستەکەشی گەیشتە لوتکە کە خەباتی چەکداری بوو. شۆڕشی ئەیلوول هەر ئەوە نییە کە پانتاییەکی گەورەی جوگرافیی باشووری کوردستانی گرتبووەوە، لەڕووی دێمۆگرافیاشەوە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی گرتبووەوە، هەر لەڕۆشنبیرانەوە بیگرە تاوەکو جووتیاران کە بەشێکی گرنگی شۆڕش بوون. لەهەمانکاتدا شۆڕشێک بوو کە هەموو ئایین و ئایینزاکان بەشداربوون تێیدا لە کریستیان و ئێزیدی و موسڵمان و پێکهاتە نەتەوەییەکانی تەواوی کوردستان لە ئاشووری و کلدان و تورکمان و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان. دەتوانین بڵێین کە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول یەکێک بووە لەو شۆڕشە گرنگ و ڕووداوە بایەخدارانەی کە دۆزی ڕەوای کوردی بەوڵاتانی دەرەوە ناساند. لەڕووی هەڕێمییەوە ئەو سیاسەتەی کە وڵاتانی ناوچەکە جێبەجێیان دەکرد، شۆڕشی ئەیلوول دەنگدانەوەیەکی هەبوو بۆ ئەو وڵاتانە و بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لەم دەوڵەتانەدا و سەرلەنوێ بووژایەوە. شۆڕشی ئەیلوول توانی پانتاییەکی زۆر لەخاکی کوردستان ئازاد بکات و لەو ناوچە ئازادکراوانەدا دەسەلاتێکی کوردیی شۆڕشگێڕ دابمەزرێنێت کە ڕەوایەتیی خۆی لەدەستەلاتی شۆڕشگێڕییەوە وەرگرتووە. شۆڕشی ئەیلوول لەڕووی دیپلۆماسییەوە زۆر سەرکەوتوو بوو کەتوانی زنجیرەیەکی زۆر کۆبوونەوە و دانوستان لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا بکات و ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداریشی لەگەڵ حکوومەتی عێراق واژۆ کرد کە بۆیەکەمین جار یەکێک لەحکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کە حکوومەتی عێراق بوو، لەوسەردەمەدا چۆکی بۆ داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد دادا کە ئەوە دەستکەوتێکی زۆر گەورەبوو. شۆڕشی ئەیلوول بووە پەناگایەک بۆ کوردەکانی هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان و تەنانەت بۆ هێزە ڕزگاریخوازەکانی دیکەی عێراق و وڵاتانی ناوچەکەش کە دەهاتنە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێردەستەلاتی شۆڕش و لەوێ پەنادەدران. لەهەمانکاتدا تۆڕێکی پەیوەندیی گەورەی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی دیکەی جیهاندا دروستکرد. لەو ناوچانەی کە ئازادکرابوون، تەنیا کاروباری خەڵکیان بەڕێوەنەبردووە، بەڵکو لایەنی پەروەردە و تەندروستی گرنگی پێدراوە و بنکەی تەندروستی و دادگای کردەوە و کێشە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانی خەڵکی دابین کردووە، ئەمەیش لایەنێکی زۆر گرنگی شۆڕشی ئەیلوول بوو. لەلایەکی دیکەوە شۆڕشی ئەیلوول قوتابخانەیەکی گەورە بووە نەک تەنیا بۆ پێگەیاندنی کادیری نیشتمانی لەبواری خەباتی نیشتمانی و سیاسەت و نەتەوەدا، بەڵکو لەڕووی ئیداری و یاسایی و سەربازییەوە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی پێگەیاندووە کە لەپاش ڕاپەڕینەوە لەکاتی دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەتدا سوودیان لێوەرگیرا. شۆڕشی شکۆداری پەرلەمان و حکوومەتی نەمر و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی هەبوو و هەڵوێستەکەشی گەیشتە لوتکە کە خەباتی چەکداری بوو. شۆڕشی ئەیلوول هەر ئەوە نییە



وەرچەرخانەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول



سوورە مەرگەیی

شۆڕشی ئەیلول لە 11ی ئەیلولی سالی 1961 وەرچەرخانێکی مێژوویی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستاندا دروووست کرد، وەرچەرخانەکە لەوەدا بوو هێزی پێشمەرگە وەک هێزێکی خۆبەخش و لەخۆ بووردوو بە نیشتمانی کرا و خەبات و بەدیهێنانی خواستەکانی گەل سەربەخۆیی و ڕزگاریخوازی بووە ئامانجی، ئەوەش وایکردبوو داگیرکارانی کوردستان لە ناوچەیەکی دیاریکراوی بەرتەسکدا شۆڕشەکانی کورد گەمارۆ بدەن، بەڵام شۆڕشی ئەیلول بە ڕابەرایەتی بارزانیی نەمر ئەو کارتەی لە دەست داگیرکارانی کوردستان دەرهێنا ، بەوەش هێزی نەتەوەیی بە شۆڕشی کورد بەخشی کە تا ئەوکات شۆڕشەکانی کورد خاوەنی هێزی عەشایری و ناوچەیی بوون. هێزی پێشمەرگە پێچەوانەی هێزی شۆڕشەکانی پێش خۆی کە فرە ڕێنمایی و بە فرە فەرمانی دەجوولێندران، ڕێنمایی و فەرمانی لە یەک ڕابەرایەتی وەردەگرت کە سەرکردایەتی شۆڕش بوو، ئەوەش شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کردە خاوەنی دیسپلین و بڕیاری یەکگرتوو.

بەسیاسیکردنی پرسی کورد وەرچەرخانێکی تری شۆڕشی ئەیلولە ، ئەو وەرچەرخانەش داگیرکەرانی کوردستانی هێنایە سەر مێزی گفتوگۆ و ناچاری کردن دان بە پرسی کوردا بنێن وەک پرسێکی نەتەوەیی ، ڕێککەوتنی 11ی ئاداری ساڵی 1970 یەکێکە لەو دەستکەوتانەی کە لە ئەنجامی ئەو دان پێدانانەدا هاتەدی.

هەر لە مانگی ئەیلول و لە 25ی ئەیلولی ساڵی 2017 وەرچەرخانێکی تر ڕوویدا، ئەویش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی بوو، چۆن شۆڕشی 11 ئەیلول وەک هەڵگری ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان بە ڕابەرایەتی بارزانی نەمر بە جوولانەوە ناوچەییەکانی گوت: بوەستن، ریفراندۆمیش وەک پێویستیەکی سەردەمیانەی چارەسەری پرسی کورد بە ڕابەرایەتی پێشمەرگە و سەرکردەی کورد مەسعود بارزانی، بە جوولە حزبییەکانی گوت بوەستن، ئەوەش کاتێک دەردەکەوێ کە 93%ی خەڵکی کوردستان بە بەڵێ بە دەنگیەوە هاتن، لە کاتێکدا پارتی وەک حزب لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان خاوەنی 45 کورسی پەرلەمانییە، ئەوەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە بارزانی نەمر چۆن بە هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلول وەرچەرخانی دروست کرد و بەو وەرچەرخانە کوردی کردە خاوەنی شۆڕشێکی ئامانجداری نەتەوەیی و نیشتمانی، سەرۆک بارزانیش بە ئەنجامدانی ریفراندۆم ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی لە قۆرگی حزب دەرهێنان و لەگەڵ هزر و بیری تاکی کورد تێکەڵی کردنەوە.

لە 11ی ئەیلوولەوە تا 25ی ئەیلوول دوو قۆناغ و یەک ئامانج



ڕێبین ڕەحیم

دوای سەرکەوتنی کودەتاکەی (عبدالکریم قاسم) داوای گەڕانەوە لە بارزانی هەڤاڵەکانی کرا بگەڕێنەوە بۆ وڵات و قۆناغێکی نوێ دەستپێبکاتەوە بارزانی و هەڤاڵەکانی بە ئومێدی لاپەڕەیەکی نوێ ڕوویان کردەوە وڵاتی و سەرەتاش قاسم هەنگاوی باشی هاویشت بەڕووی کێشەی کوردا وەڵێ هەرزوو پەشیمانی لە بەڵێنەکان دەستی پێکردو بارزانیش کوردستان و بارزانی لانکەی شۆڕشی کردەوە کوردی جۆشدانی کوردایەتی و بەرخۆدان.

لە ڕۆژی 11ی ئەیلوولی 1961 چەخماخەو پریسکی شۆڕشێکی سەرتاسەری لە زاخۆ تا خانەقین بەسەرکردایەتی جەنەڕاڵ بارزانی دەستپێکردوو هەرزوو هێزەکانی قاسم لەبەرەکانی جەنگ شکان و ڕۆحی ماندوو هیلاکی خەڵکی و هوردی بەبەردا هاتەوەو هەموو چین وتوێژەکان بوون بە پاڵپشتی شۆڕشەکەیان و لێرەوە بارزانی باوک وانەی خۆنەچەماندنی فێرکردین و کردی بەکلتور.

شۆڕشی ئەیلوول گەورەترین شۆڕشی کوردە کە سەرتاسەری باشوری کوردستانی گرتەوەو (14 ساڵی) ڕەبەق دژی زوڵم و فاشیست و بەربەریەتی عەقڵی حکومڕانانی عێراق وەستایەوەو وانەی تەسلیم نەبوون و خۆنەچەماندنی فێری هەموومان کرد هورەی ڕوخاوو ناخی تێکشکێنراوی کوردی زیندوو کردەوەو گەلەکەمانی فێرکردین و لە لێتواری مردنێکی حەتمی ڕزگارکرد.

جەنەڕاڵی کورد و چیاکانی کوردستان و مامۆستای خۆنەچەماندن و شۆڕش و بەرخۆدان، توانی دەوڵەتی عێراق بێنێ بەچۆکداو ناچاری گفتوگۆو دانوستانی بکات و بیهێنێتە سەر مێزی گفتووگۆ لێکتێگەشتن سەرەنجام (ڕێککەوتنی 11ی ئاداری) لێ دروست بوو کە بۆیەکەمجار دەوڵەتی داگیرکەری عێراق ئامادەبوو بەشێوەیەکی فەرمی و بەنوسراو دانە بە کۆمەڵێک لەمافەکانی گەلی کوردردا بنێت و ئامادەی جێبەجێکردنی ئەو مافانەشی نیشاندا لەسەرەتاوە.

ئەگەر بەندەکانی ڕێککەوتنی (11ی ئازار) جێبەجێ بکرایە ئێستا عێراق وەک دەوڵەت تووشی شەڕی هەشت ساڵەی (عێراق و ئیران) نەدەبوو، میللەتی ڕاپەڕینی دژی نەدەکرد و تۆشی شەڕی کوێت و ئەمریکا نەدەبوو و ئێمەش وەک کورد لەقۆناغێکی دیکەدا دەبووین. وەڵێ بەربەریەتی عەقڵیەتی حکومڕانی عێراق گەل وخاکی ئێمەی کرد بەسوتماک و خۆشیان لێی پێگەیاندنی کادیری بەتوانا لەبواری خەباتی نیشتمانی و سیاسەت و نەتەوەدا، بەڵکو لەڕووی ئیداری و یاسایی و سەربازیشەوە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی پێگەیاندووە کە لەپاش ڕاپەڕینەوە لەکاتی دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەتدا سوودیان لێوەرگیرا. شۆڕشی شکۆداری پەرلەمان و حکوومەتدا سوودیان لێوەرگیرا. لەبارەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە سەرۆک مەسعود بارزانی دەڵێت: "یەکەم موژدەی کۆتاییهاتنی دەسەلاتی پڕ لە زوڵم و ستەمی داگیرکەران بوو و ئەو شۆڕشە توانی بۆ یەکەمجار یەکبوونی نەتەوەیی کورد بکاتە دیاری بۆ گەلەکەی و کۆتایی بەهەستی ناوچەگەریتی و بێهێزی و پەرتەوازەیی هێنا و بڕوا و متمانەیەکی پۆڵایینی بەخەڵک بەخشی و هەموو خەڵکی کوردستانی لەدەوری پارتی دیموکراتی کوردستان و بە پێشڕەوایەتیی پارتی داگیرکەری عێراق ئامادەبوو بەشێوەیەکی فەرمی و بەنوسراو دانە بە کۆمەڵێک لەمافەکانی گەلی کوردردا بنێت و ئامادەی جێبەجێکردنی ئەو مافانەشی نیشاندا لەسەرەتاوە.

ئەگەر بەندەکانی ڕێککەوتنی (11ی ئازار) جێبەجێ بکرایە ئێستا عێراق وەک دەوڵەت تووشی شەڕی هەشت ساڵەی (عێراق و ئیران) نەدەبوو، میللەتی ڕاپەڕینی دژی نەدەکرد و تۆشی شەڕی کوێت و ئەمریکا نەدەبوو و ئێمەش وەک کورد لەقۆناغێکی دیکەدا دەبووین. وەڵێ بەربەریەتی عەقڵیەتی حکومڕانی عێراق گەل وخاکی ئێمەی کرد بەسوتماک و خۆشیان لێی زیندوو کردەوەو گەلەکەمانی فێرکردین و لە لێتواری مردنێکی حەتمی ڕزگارکرد.

جەنەڕاڵی کورد و چیاکانی کوردستان و مامۆستای خۆنەچەماندن و شۆڕش و بەرخۆدان، توانی دەوڵەتی عێراق بێنێ بەچۆکداو ناچاری گفتوگۆو دانوستانی بکات و بیهێنێتە سەر مێزی گفتووگۆ لێکتێگەشتن سەرەنجام (ڕێککەوتنی 11ی ئاداری) لێ دروست بوو کە بۆیەکەمجار دەوڵەتی داگیرکەری عێراق ئامادەبوو بەشێوەیەکی فەرمی و بەنوسراو دانە بە کۆمەڵێک لەمافەکانی گەلی کوردردا بنێت و ئامادەی جێبەجێکردنی ئەو مافانەشی نیشاندا لەسەرەتاوە.

ئەگەر بەندەکانی ڕێککەوتنی (11ی ئازار) جێبەجێ بکرایە ئێستا عێراق وەک دەوڵەت تووشی شەڕی هەشت ساڵەی (عێراق و ئیران) نەدەبوو، میللەتی ڕاپەڕینی دژی نەدەکرد و تۆشی شەڕی کوێت و ئەمریکا نەدەبوو و ئێمەش وەک کورد لەقۆناغێکی دیکەدا دەبووین. وەڵێ بەربەریەتی عەقڵیەتی حکومڕانی عێراق گەل وخاکی ئێمەی کرد بەسوتماک و خۆشیان لێی زیندوو کردەوەو گەلەکەمانی فێرکردین و لە لێتواری مردنێکی حەتمی ڕزگارکرد.

جەنەڕاڵی کورد و چیاکانی کوردستان و مامۆستای خۆنەچەماندن و شۆڕش و بەرخۆدان، توانی دەوڵەتی عێراق بێنێ بەچۆکداو ناچاری گفتوگۆو دانوستانی بکات و بیهێنێتە سەر مێزی گفتووگۆ لێکتێگەشتن سەرەنجام (ڕێککەوتنی 11ی ئاداری) لێ دروست بوو کە بۆیەکەمجار دەوڵەتی داگیرکەری عێراق ئامادەبوو بەشێوەیەکی فەرمی و بەنوسراو دانە بە کۆمەڵێک لەمافەکانی گەلی کوردردا بنێت و ئامادەی جێبەجێکردنی ئەو مافانەشی نیشاندا لەسەرەتاوە.

ئەگەر بەندەکانی ڕێککەوتنی (11ی ئازار) جێبەجێ بکرایە ئێستا عێراق وەک دەوڵەت تووشی شەڕی هەشت ساڵەی (عێراق و ئیران) نەدەبوو، میللەتی ڕاپەڕینی دژی نەدەکرد و تۆشی شەڕی کوێت و ئەمریکا نەدەبوو و ئێمەش وەک کورد لەقۆناغێکی دیکەدا دەبووین. وەڵێ بەربەریەتی عەقڵیەتی حکومڕانی عێراق گەل وخاکی ئێمەی کرد بەسوتماک و خۆشیان لێی

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٣) هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٧٦٣٧٠٠ بەرووار ٢٠١٨/١/١٥ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی ڤیان فاروق محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

* * *

وون بوون

نووسراوی گومرگ لەگەڵ مەنەفێست ئۆتۆمبێل/ نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای تراێتار جۆری ئۆتۆمبێل: شفل تایر بۆ بکات حجم صغیر رەنگ سپی+پرتقالی+ رەش مۆدێل:٢٠١٦ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٧٥١٢ کاتی دهوك ژمارەی شاصی: A3NV25580 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

* * *

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المدعو : حجي ميرزا حسين

للطلب المقدم من قبل المستدعي (صالح حجي ميرزا) المتضمن نصها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / عبدالعزيز احمد عزيز

* * *

دائرة كاتب عدل دهوك

العدد/الانذار المرقم ١١٤٦

التاريخ/٢٠١٩/٩/١٠

م/اعلان

الانذار المرقم ١٢١٧٢ في ٢٠١٩/٩/٥

المنذر (مصلح عجيل عبدالله) وكيله المحامية (سوزان فارس سرحان)

المنذر اليه (جمال شمو اسماعيل وخدر شمو اسماعيل) العنوان / مجهولا محل الاقامة

سبق لكم قمتم ببيع حصصكم من العقار المرقم (٥١٧/١) مقاطعة ١١ سميل) الى موكلي المنذر وان العقار مشغول من قبل موكلي دون اي معارضة منكما وعلى الرغم من مطالبة موكلي المستمرة منكما بالحضور امام مديرية التسجيل العقاري في سميل لتسجيل العقار اعلاه باسمه الا انكما ممتنعين عن ذلك ولكونكما مجهولا محل الاقامة حسب اشعار المختار المتضمن عدم سكنكما في المحلة الان وكتاب مديرية شرطة نزاركي في دهوك المرقم (٤٣٤٧) في ٢٠١٩/٩/٨ والانذار المرقم (١٢١٧٢) المصدق لدى دائرة كاتب عدل دهوك في ٢٠١٩/٩/٥ عليه ننذركم بواسطة الصحف المحلية بضرورة الحضور امام مديرية التسجيل العقاري سميل بتاريخ ٢٠١٩/٩/١٨ في تمام الساعة (١١) الحادية عشرة صباحا للتنازل عن العقار اعلاه وتسجيله باسم موكلي المنذر لدى مديرية التسجيل العقاري وبعكسه سوف نعتبركم ناكلين عن البيع وسنضطر اسفين الى مقاضاتكم امام المحاكم المختصة وتحميلكم كافة الرسومات والمصاريف واتعاب المحاماة وقد اعذر من انذر

نيدار محمد محمد مهدي المفتي

المدير (كاتب عدل دهوك)

* * *

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المدعو : خيري حجي يوسف

للطلب المقدم من قبل المستدعيه (سيفي اسماعيل يوسف) المتضمن نصها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / عبدالعزيز احمد عزيز

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە:٢٧٤٨/ش٢٠١٩/٢

رێکەوت:٢٠١٩/٩/٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (مریوان محمد رؤوف)

داواکار (تەلار فائق صالح) داوای ژمارە (٢٧٤٨/ش٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە لەسەر (مریوان محمد رؤوف) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری هەولێر (مختاری گوندی امریکی) لە ٢٠١٩/٨/٢٦ بۆیە ئەم دادگا بریاری دا بەپێ راگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٠/٢ کاتژمێر (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادەر/ طارق حسين كريم

* * *

زانکۆی هەولێر پزیشکی

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

ئاگاداری کەمکردنەوە

ژمارە (٩) بۆ جاری دووەم

سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێر پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان دەکات بۆ بەشداری کردن لە کەم کردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی پرۆژەی (کڕینی پێداویستی و ئامێری بۆ تاقیگەیی بۆ کۆلێژی دەرمانسازی)ی سەر بە زانکۆکەمان کە نرخی کرینی تەندەر (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عیراقیە کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنکەی وە کڕینی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردچێت.

* فرۆشتنی تەندەرەکان لە رۆژی بلاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەست پێدەکات.

* دواکات بۆ گەراندنەوەی تەندەرەکان ماوەی (١٥) رۆژ دوای بلاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەبێت تا کاتژمێر (١٠) بەیانی.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.

٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت.

٣- دەبێت کۆمپانیا تایبەتمەندبێت بەبواری ئامێر و کەل و پەلی پزیشکی.

٤- دەبێت کۆمپانیا پابەندبێت بە بەڵێنامەی نووسراو بۆ دەستە بەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەگەڵ زانکۆکەمان.

٥- سزای دواکەوتنی رۆژانە بەپێی برگەی (سێیەم)ی مادەدی (٨٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان دیاری دەکرێت.

٦- ماوەی پرۆژە (٦٠) شەست رۆژی تقویمیە.

٧- ئەو کۆمپانیایانەی لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆماری بێنێت لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانیەوە)

٨- بەڵگەنامەی کاری هاوشێوە پێشکەش بکات.

٩- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان پابەند نییە بەکەمترین نرخ.

١٠- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان بۆی هەیە ئەو تەندەرە الغاء بکاتەوە پێش دەرچوونی نووسراوی سپاردنی کارەکە.

١١- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) رۆژی تەقویمیە لەبەرواری داخستنی تەندەر.

١٢- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

١٣- گەراندنەوەی تەندەر لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی دەبێت و لەناو زەرفێکی داخراو کە ناوی مۆری کۆمپانیای لەسەر بێت لەگەڵ دیاری کردنی ناوی کەمگریەکە.

بەڕێوەبەرایەتی کاروباریی یاسایی

* * *

بەڕێوەبەرایەتی دووەمی تۆمارگای خانووبەرەی هەولێر

تێبینەرایەتی تۆمارگای خانووبەرەی دەشتی هەولێر

جاردان داواکاری سەرلەنوێ تۆمارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێی ئەو داواکاریەی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٨ پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بۆ سەر لەنوێ کردنی تەواو خانووبەرەی زنجیرە (١/٧٣٦) کەرتی (٩٥ کسنزان) بەناوی: خولە سلیمان حسین کە لەژێر دەستییەتی بۆماوەی یاسایی وەك خاوەنی وە بەمەبەستی خاوەندارییەتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) سالی (١٩٧١) تۆماربکرێت بڕیارماندا داواکاریەکە بڵابکرێتەوە جا هەرکەسێك پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ رۆژ) لە دوای بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی رۆژی کۆتایی دوای بڵاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینە کە لەو رۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ.

تێبینەر/ محمد سلێمان محمد

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە/ ١٤٢٢/ب٢٠١٩/١

رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (محمد رمزی اکرم)

داواکار (نجاة عبدالرحمن یوسف) داوای ژمارە (١٤٢٢/ب٢٠١٩/١)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی یاداشتی مختاری (پارێزگاری هەولێر/ گەرەکی سەربەستی و رویال تاوەر و ایتالی/١) لە ٢٠١٩/٧/٣ بڕیە دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت بە ئامادەبوونی خودی خۆت یان بریکاری یاساییت لەدادبینی رۆژی ٢٠١٩/٩/٣٠ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.

دادوەری یەکەم / مجید سعید برادۆستی

* * *

داد گەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٦٥٩ /ش/ ٢٠١٩

رێکەوتی / ٢٠١٩/٩/٥

راگەهاندن

بو / داوالێکراو : کرم سالم عثمان

ل دیف داخوازا داواکار(زهراء محمد حسین) وکێشا ژمارە (٦٥٩/ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژێکڤەبون (التفریق) ، و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (دەلال) یا ژمارە (٣٨٨٧) ل (٢٠١٩/٩/١) و نڤیسارا هەلبژارێ تاخێ (دەلال) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامیت روژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠١٩/٩/١٦) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بریکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر / دارا طاهر توفیق

* * *

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی خەبات بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارییەتی خانووبەرە

رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٨

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارییەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٣٠٦٢ لە گەرەکی ٦٩ کورکۆسك لەرێکەوتی: ٢٠١٩/٧/٢٤ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادەی (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەندارییەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی میراتگرانی رحمان سعید همزە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادەی (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژبلاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارییەتی

دادوەر/ سمکو روستم عزیز

* * *

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ٢٥٣

رێکەوت: ١٠ / ٩ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (١٠١) بۆ جاری دووەم

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (گواستنەوەی ئارد بۆ دەروبەری شاری هەولێر) کە (کۆمپانیای گشتی دروستکراوی دانەوێلە- هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (پێنج شەممە) رێکەوتی ١٩ / ٩ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کڕینی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا تۆمارکراوبێت و مۆڵەتی گواستنەوەی نوێ کرابێتەوە تا بەرواری کردنەوەی تەندەر.

- هێنان بارمتەی سەرەتایی بەبری ٧٥,٠٠٠,٠٠٠ حەفتاو پێنج ملیۆن دینار بەشێوەی چەکی پەسندکراو یان (خطاب ضمان).

- فرۆشتنی تەندەر (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە

- پشتگیری باجی دەرامەت نوێکراوە بێت.

- دەبێت مۆڵەتی کۆمپانیا لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

تێبینی: هەر کۆمپانیا یان بەڵێندەرێك ناتوانێت لەیەك تەندەر زیاتر بەشداری بکات.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

* * *

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ٢٥٤

رێکەوت: ١٠ / ٩ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (١٠٢)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (نۆژەنکردنەوەی هۆلی داخراوی شەهید فەرەنز هەریری) کە (پارێزگای هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) رێکەوتی ٢٥ / ٩ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کڕینی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا یان نوسینگەی تایبەت بە گواستنەوەی بەرهەمە نەوتییەکان و مۆڵەتی گواستنەوەی نوێ کراوە بێت.

- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.

- بارمتەی سەرەتایی بەبری ١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ سەد ملیۆن دینار بەشێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسندکراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.

- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

- فرۆشتنی تەندەر (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

* * *

تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (پێنج شەممە) رێکەوتی ٢٦ / ٩ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کڕینی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا تۆمارکراوبێت و مۆڵەتی گواستنەوەی نوێ کرابێتەوە تا بەرواری کردنەوەی تەندەر.

- هێنان بارمتەی سەرەتایی بەبری ٧٥,٠٠٠,٠٠٠ حەفتاو پێنج ملیۆن دینار بەشێوەی چەکی پەسندکراو یان (خطاب ضمان).

- فرۆشتنی تەندەر (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە

- پشتگیری باجی دەرامەت نوێکراوە بێت.

- دەبێت مۆڵەتی کۆمپانیا لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

تێبینی: هەر کۆمپانیا یان بەڵێندەرێك ناتوانێت لەیەك تەندەر زیاتر بەشداری بکات.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

* * *

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ٢٥٢

رێکەوت: ٨ / ٩ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (١٠٠)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (گواستنەوەو دابەشکردنی سوتەمەنی بەنزین، گازوایل، نەوت) بۆ ناو شاری هەولێر و دەروبەر و قەزا و ناحیەکان و ناوچە شاخاوییەکانی سنوری پارێزگای هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) رێکەوتی ٢٥ / ٩ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کڕینی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا یان نوسینگەی تایبەت بە گواستنەوەی بەرهەمە نەوتییەکان و مۆڵەتی گواستنەوەی نوێ کراوە بێت.

- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.

- بارمتەی سەرەتایی بەبری ١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ سەد ملیۆن دینار بەشێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسندکراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.

- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

- فرۆشتنی تەندەر (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٦٤٧٢

رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٨

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (دلسۆز) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەدی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەدی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٦٤٧٣

رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٨

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Sun Purity Tech) بۆ (خزمەتگوزاری گەیاندن/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەدی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەدی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٦٤٣٠

رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٥

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

